ئیمان و ئیسلام

ئیمان و ئیسلام

ئامادەکردنی: نجم الدين فرج أحمد

چاپی یەکەم ١٤٤٤ك – ٢٠٢٣ز



نوسینگەی تەفسیر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر
ئیمان و ئیسلام، نجم الدين فرج أحمد(ئامادەکار)
١٢٨ لاپەڕە،
١٤* ٢١ سم
بابەت، ئاینیی، بیروباوەڕی ئیسلامی
ISBN: 978-9922-679-91-4

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی (٢١٨) ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.

"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

دیزاین، نوسینگەی تەفسیر
خەت بەرگ : نەوزاد کۆیی

ئیمان و ئیسلام

ئامادەکردنی
نجم الدين فرج أحمد



بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ ونَسْتَعينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ بالله منْ شُرورِ أنْفُسنا ومنْ سَيِّئات أعْمالنا، مَنْ يَهْده اللهُ فَلا مُضلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلل فَلا هاديَ لَهُ. وأَشْهَدُ أَنْ لا الهَ إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاته ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنتُمْ مُسلمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ منْ نَفْسٍ واحدة وخَلَقَ منها زَوجَها وبَثَّ منهُما رجَالاً كَثيراً ونساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ به والارْحَامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديدَاً، يُصْلحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوزَاً عَظيماً

أمَّا بعدُ : فإنَّ أصْدَقَ الحَديث كتابُ الله، وخَيرَ الهَدي هَدْيُ محمد صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ وشَرَّ الامُور مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَة بدْعَةٌ وكُلَّ بدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالةٍ في النَّار.

لەڕێساکانی عەقیدەی
ئەهلی سوننەت و جەماعەت

ڕێــڕەوێك بۆ بابەتی عەقیدە

عەقیدە: لە ڕووی زمانەوانییەوە: ئەم مانایانە دەگەیێنێت:

_ **العقد:** (گرێ، گرێبەست)، **التوثیق:** (متمانەپێکردن، ئیعتیمادکردنەسەر)، **الإحكام:** (توندکردن و قایمکردن).

الربط بقوة: (توندبەستن).

لە ڕووی زاراوەییەوە:ئەو باوەڕکردنە پتەوو دامەزراوەیە کە لای خاوەنەکەی هیچ جۆرە گومانێکی تێدا نەماوە کە ڕاستە.. کەوابوو:

عەقیدەی ئیسلامی بریتییەلە: باوەڕهێنانێکی دامەزراوو پتەو بەخوای پەروەردگار (بەوەی کە دەبێ بە تاکوپاک بناسرێت و ملکەچیی بۆ فەرمانەکانی دەرببڕێت).

هەروەها باوەڕهێنانێکی دامەزراوا بە فریشتەکانی و بەپەیامەکانی و بە نێرراوەکانی و بە ڕۆژی دوایی و بە قەدەرو بە هەموو هەواڵ و باسێکیتری نادیار (غەیب) و بە هەموو بەڵگەنەویستەکانی دین: زانین و سەلماندنیان بێت یان کردن چەسپاندنیان.

سەلەف: پێشەوایانی ئەم ئوممەتەن، لە یاوەران و

شوێنکەوتوانیان و پێشەوایانی ڕێنمایی خوایی کە لە سێ سەدە چاکترینەکەدا ژیاون.

هەروەها هەر کەسێکیتر -لەسەردەمەکانی دواتر- کە لەسەر دیدو ڕێی ئەوان ڕۆیشتبێت و بڕوات -وەکو ئینتیمای بۆ ئەوان- پێی دەوترێت: سەلەفی..

ئەهلی سوننەت و جەماعەت: هەموو ئەو کەسانەن کە لەسەر دیدو ڕێبازی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و یاوەرانی دەڕۆن.

پێیان وتراوە: **ئەهلی سوننەت**، لەبەرئەوەی لە: (ڕوانگەو پێناسەی عەقیدەتیی و زانست و کردەوەو دینداریی و ڕەفتارو ڕەوشت) دا، شوێنکەوتەی پێغەمبەری خوان صلی الله علیه وسلم و بە دیدوڕێ و سوننەتییەوە، پابەندن.

پێیان وتراوە: **جەماعەت**، لەبەر ئەوەی لەسەر حەق و حەقخوازیی کۆبوونەتەوەو ئەسڵی دینەکەیان پاراستووەو تەفرەقەیان تێنەکەوتووە تێیدا.

شوێن پێشەوایانێک کەوتوون کە ئەو حەقەیان ناسیووە کە لای یاوەران بووە، پێوەی پابەندبوون و ڕۆیشتوون لەسەریی و لێیان لانەداوە.

لەبەر ئەوەی کە زۆر پابەندی سوننەتبوون و سووربوون لەسەر ئیقتیداکردن بە سییرەو سوننەتی پێغەمبەری خوا صلی الله

علیه وسلم پێشیان وتراوه:(**أهل الحديث:** فەرمودەوانان) و (**أهل الأثر:** ئاسەوارییان)و (**أهل الإتباع:** ئەهلی شوێنکەوتن)و (**الطائفة المنصورة:** دەستەی سەرکەوتوو) و (**الفرقة الناجية:** کۆمەڵی سەرفراز).

یەکەم: ڕێساو بنەماکانی مەنهەجی وەرگرتن و بەڵگەسازیی:

١ـ ئەو سەرچاوەی کە عەقیدەکەی لێوە وەردەگیرێت: قورئان و سەحیحی سوننەت و کۆڕا (ئیجماع)ی پێشینەی چاکەکە (سەلەفی صالّح) ی ئوممەتە.

٢ـ هەر رەفتارێک (گوفتارو کردارو بڕیار) سەلمێنرابێت کە لە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم هاتووە قبووڵکردنی فەرزە، ئەگەرچی بە فەرموودەی ئاحادیش هاتبێت.

٣ـ سەرچاوەی تێگەیشتنی قورئان و سوننەت: ئەو دەقانەن کە روونیاندەکەنەوە، کە بە تێگەیشتنی سەلەف و ئەو زانایانە دەبێت کە لەسەر دیدوڕیی ئەوان بوون.

هەرچی شتێک ئاوا سەلمێنرابێت و چەسپێنرابێت بە مانایەکی ئەگەرییانەی زمانەوانی (إحتمالات لغویة) ئیلغاناکرێتەوە.

٤ـ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەر هەموو بنەماکانی ئیسلامی روونکردۆتەوە، بۆیە کەس بۆی نییە شتێکی تر داهێنێت و بڵێ: ئەمەش لە دینەکەدایە.

٥ـ موسوڵمان دەبێت لە رواڵەت و ناخدا تەسلیم بەفەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوا بێت صلی الله علیه وسلم.

بۆی نییە بە پێی بەراووردو پێوان (قیاس)، یان کەشف و زەوق

یان بە قسەی ئەم شێخ و ئەو ئیمام بەرهەڵستی دەقێکی قورئان، یان سەحیحی سوننەت بکات، چجای رەتیبکاتەوە.

٦ـ ئەقڵ ناخرێتە پێش نەقڵ، هزری راشکاوو دامەزراو لەگەڵ دەقی سەحیحی نەقڵکراودا یەکدەگرێتەوە، هیچیان -مادام بەڵگەی بنبڕبن- یەکتریی ئیلغاناکەنەوە.

هەرکاتێک پێکەوە نەسازێنران کار بەدەقە نەقڵکراوەکە دەکرێت.

٧ـ پێویستە موسوڵمان بە زاراوە شەرعییەکانی عەقیدەکەوە پابەندبێت و زاراوە داهێنراوەکان کەناربخات.

ئەو وشانەی گشتین و مانای راست و چەوتیان لێدەفامرێتەوە، دەبێ بەدواداچوون و توێژینەوە بۆ راستی ماناکەی بکرێت، هەر مانایەکی بە رێگای شەرعییانەو بۆ واتای شەرعیی شیاوبوو وەردەگیرێت، هەر واتایەکیشی پێچەوانەی شەرع بوو وەلادەنرێت.

٨ـ بێگوناحیی (العصمة) بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم سەلمێنراوە و کۆی ئوممەتەکەشی بەردەوام لەسەر حەق دەمێنێتەوە.

چونکە ئوممەتەکەی لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە،بەڵام تاک تاکیان وا نین، کەسیان بە تاکیی خۆی بێگوناح (مەعسوم) نییە.

یەکلاییکردنەوەی راجوێی نێوان پێشەوایان بە پێی قورئان و

سوننەت دەبێت،هەرکامێکیان بەهەڵەداچووبوو بە موجتەهیدی خاوەن عوزر پاداشت دەناسرێت.

٩ـ ئیلهام و کەرامات لە پیاوچاکانێکی ئوممەتدا دەردەکەوێت، خەونی ڕاستیش حەقەو بەشێکە لە پێغەمبەرێتی.

فیراسەی ڕاستیش حەقە.. مەرجە ئەمانە هەمووی -کە لەگەڵ شەرعدا یەکبگرنەوە- ڕێزی خواییین و بە لوتفی خۆی دەیبەخشێت، بەڵام نابنە سەرچاوەی دیدی عەقائیدیی و ئەحکامی شەرع.

١٠ـ جەدەل و شەڕەقسە لە باسەکانی ديندا زەمکراوە، بەڵام موناقەشەی جوان و نەرمونیان مەدحکراوە، هەر باسێک بەرهەڵستی لەسەر هاتبێت -کە نەکەونە ناویەوە- دەبێ خۆی لێ بەدوور بگیرێت.

هەروەها لەهەموو ئەو باسانەدا کە موسوڵمان زانیاریی لەسەری نییە.. لە هەر باسێک کە دەربارەی سیفاتی خوای گەورەیەو موسوڵمان شەرحکردنەکەی نەزانی، پێویستە زانینی چۆنییەتییەکەی بۆ خوای گەورە بگێڕێتەوە.

١١ـ پێویستە وەڵامدانەوەی بەرامبەران لە موناقەشەکانی عەقیدەو ئەحکامدا بە پێی وەحیی بێت، نەک وەڵامدانەوەی بیدعە بە بیدعە.

وەڵامدانەوەی شلگیریی بە توندڕەوێتی ناکرێت، یان وەڵامی شلگیرانەش بەرامبەر توندڕەویی نابێت..

١٢ـ هەموو داهێنانێک لە بنەما دینییەکاندا بیدعەیە، هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە، چارەنووسی هەموو گومڕاییەکیش ئاگری دۆزەخە.

١٣ـ وەرگرتنی بۆچوونی پێشەوایانی بەڕێزی مەزهەبەکانی ئەهلی سوننەت و مەزهەبەکانیان فەرز نین.

هەر دیدو ڕاو ڕەفتارێک بەڵگەی لە قورئان و سوننەت و کۆڕا هەبێت، وەرگرتنی فەرزە، با پێچەوانەی مەزهەبەکانیش بێت.

بۆچوونی هەموو پێشەوایانی دینەکە جێ ڕێزن، بەڵام کەس مولزیم ناکەن.

١٤ـ ئەهلی سوننەت و جەماعەت چینایەتیی تێدا نییە، نە چینایەتی ماڵ و سامان و نە چینایەتیی دینداریی،

چینی تایبەت و چینی گشتییان نییە، چینێکیان نییە زانایانی حەقیقەت بن و چینێکیتر زانایانی شەریعەت و چینێکیتریش عەوام.

دینەکە یەکە، لە یەک خوای پەروەردگارەوە هاتووە، یەک پێغەمبەر گەیاندوێتی صلى الله عليه وسلم و هەموو شوێنکەوتوانیشی لەبەرامبەرییدا یەکسانن.

١٥ـ دیدو ڕێبازی ئەهلی سوننەت و جەماعەت خودی ئیسلامەکەیە، بە پێناسەکەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم: (ما أنا عليه وأصحابي).

بۆیە سەر بەئیمامێکی دیاریکراونییە (وەکو: ئەشعەریی و ماتۆریدیی)،یان ناوێکی تایبەتی نییە(وەکو: موعتەزیلەو مورجیئەو قەدەریی).

دووەم:

بریکاریی خوای گەورە لەسەر زەمین (ئیستیخلاف):

١ـ مرۆڤ (وجود)ێکیتری پێش خەلقبوونە بەشەرێتییەکەی هەبوو.

پێشئەوەی خوای گەورە ئادەم (علیه السلام)خەلق بکات و بینێرێتە سەرزەمین، لەم قۆناغەدا (کە کات و شوێن و چۆنییەتییەکەی نازانین) خوای گەورە سێ رەفتاری وەل رۆحی مرۆڤدا نواند: شاهێدیدانی لەسەر خوایەتی خوای گەورە، نیشاندانی هەڵگرتنی بەرپرسێتی راسپاردە (ئەمانەت)ە خواییەکە، و تەعینکردنی بەبریکار لەسەرزەمین.

٢ـ سەرجەمی ئایەتەکان بریکارێتیی مرۆڤ بۆ خوای گەورە رووندەکەنەوە ، کە بۆ ئەوە هێنراوەتە سەرزەمین تا دەسەڵاتی بەسەردابگرێت و دینی خوای گەورەی تێدا بچەسپێنێت.

٢ـ هەنگاوەکانی شیاوکردنی مرۆڤ بۆ بریکاریی بریتین لە:

أ - باوەڕهێنـــان بە پەروەردگـــارێتی خـــوای گەورە: (توحیـــد الربوبیة): لە رێگای خودی وەحیی خواییەوە.

ب - زانینـــــی و بەجێهێنـــــانی مــــــافی خـــــوای گەورە لە پەرســـــتنییدا (توحیـــــد الالوهیـــــة): لە رێگـــــای رێنمایـــــیە پێغەمبەرانەوە سەلامی خوایان لێ بێت.

ج - زانـــــین و تەســــــلیمبوون بە حـــــاکمێتی خـــــوای گەورە (توحید الحاکمیة): کە بە سەروەرێتی شەرع دێتەدیی.

د - ســــەلماندن و چەســــپاندنی دینــــدارێتی ڕاســــت و ڕەوا (ئەرکەکانی عبودییەت) بە:

_ پەروەردەی دەروون: کە پــــاڵفتەی نــــاخ (تەزکــــیەی نەفس)ە.

_ پارســەنگی رەفتــارو رەوشــت: کە زانــین و پابەنــدبوونە بە سنووری مافی خۆو مافی بەرامبەرانە.

هــ- راگەیانــدنی بــانگەوازی خــوایی و گەیانــدنی دیــنەکەی بە خەڵکی.

و- پێکەوەنــانی ئــوممەتێکی عەقائیــدیی لە شــوێنکەوتوانی وەحییە خواییەکە، بە برایەتی دینیی.

ز _ کۆمەڵکـــاریی و بزاوتـــی ئـــوممەتیی بـــۆ بنیاتنـــانی دارولئیســـلامێک کە بە ســـەلماندن و چەســـپاندنی حـــاکمێتی شەرع و دابینکردنی ئەمان دەبێت بۆ موسوڵمانان.

ح - پیادەکردنی دادپەروەریی: بە دامەزراندنی ئیدارەی راشیدانەی دەوڵەت و ئاڕاستەی خواویستانەی کۆمەڵگە.

ط - دەرهێنانی خێرو بێری سەرزەمین و سوودوەرگرتن لە رێساکانی وجود، بۆ دابینکردنی نان و ئەمان و بەختەوەریی مرۆڤایەتیی.

سێیەم:

ناسینی خوای گەورە(تەوحیدی پەروەردگارێتی و ناوو سیفات)

١ـ ئەسڵ لە ناوو سیفەتەکانی خوای گەورەدا ئەوەیە: کە بە هەرچی سیفەتێک خوای گەورە خۆی پێ وەسفکردبێت، یان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وەسفی کردبێت پێی، دەبێ - بە بێ چواندن و بێ چۆنییەتیی بۆدانان- وەسف بکرێتەوە پێی.

هەروەها دەبێ بەدووربگیرێت لە هەموو سیفەتێک، کە خۆی لێ بەدوور گرتووە، یان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، خوای گەورەی لێ بەدوور گرتووە.

بێ لێلادان وپەکخستنی، هەر وەکو کە خوای گەورە دەفەرموێ: (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ) الشورى/١١.

واتە: هیچ شتێک وەکو خوای گەورە نییە، خوای گەورە بیسەرو بینەرە.

لەگەڵ باوەڕهێنان بە واتای دەقەکان و ئەوەی لێیان دەفامرێتەوە.

٢ـ چواندن و پەکخستنی ناوو سیفاتی خوای گەورە کوفرە، ئەمما ئەو لێلادانەی بیدعەچییەکان پێیدەڵێن: (تەئویل)، واتە: لێکدانەوە، ئەوە جۆری وای هەیە کوفرە، وەکو: تەئویلاتی باطنییەکان.

جۆری تری هەیە،کە بیدعەی گومڕاییبوونە، وەکو: لێکدانەوەی ئەوانەی نکوڵی لە هەندێک لە سیفەتەکان دەکەن.

جۆری تریشی هەیە کەلە بازنەی بەهەڵەداچووندایە.

٣ـ یەکبوونیی وجود(وحدة الوجود)و باوەڕبوون بەوەی، کە خوای گەورە لە هەموو مەخلوقاتەکانیدایەو یەکیگرتووە لەگەڵیانداو ئاوێتەبوون، ئەمە کوفری زەقەو خاوەنەکەی لە دین و ئوممەت دەباتە دەرەوە!

٤ـ باوەڕبوون بە فریشتەی بەڕێز بە شێوەیەکی گشتی، لەگەڵ باوەڕهێنان بە تایبەتمەندییەکانیان، کە بەڵگەی سەحیحیان لەسەرە، وەکو: ناوو سیفاتیان، کارو ئەرکیان.. ئەمەش بەگوێرەی توانای فێربوونی موسوڵمانە موکەللەفەکە دەبێت.

٥ـ باوەڕبوون بە کتێبی هەموو پەیامە ئاسمانییەکان، کە قورئان چاکترینیانەو هەموو ئەوانی پێشخۆی نەسخکردوونەتەوە (لایبردوون).

ئەوانەی پێش قورئان هەر هەموویان گۆڕانکاریی بەسەر

دەق و مانایانــدا هــاتووە، بــۆیە هەر دەبێــت شــوێن قورئــان بکەوین و بەس.

٦ــ بــاوەڕبوون بە پێغەمــبەران و نێرراوانــی خــوای گەورە (علـيهم السـلام) بـاوەڕبوون بەوەی کە ئەوان چـاکترین مـرۆڤن و ،هەر کەس باوەڕی وا نەبێت کافرە.

بــــاوەڕبوون بە هەمـــــوو ئەو رەفتـــــارانەی، کە بەڵـــگەی سەحیح دەربارەیان هەیە، فەرزە.

بــــاوەڕبوون بە موعجیزەکانیـــــان بە شــــێوەیەکی گشــــتی فەرزە، هەروەهــا بــاوەڕبوون بەوەی کە (محمــــد صـــلى اللـــه عليـــه وسـلم) کۆتــاو چاکترینیــانەو خــوای گەورە بــۆ هەمــوو مرۆڤایەتیی ناردووە، فەرزە.

٧ـ باوەڕبوون بەوەی،کە لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم، وەحیی بۆ کەسی تر نەهاتووەو نایەت.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کۆتای پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورەیە، هەر کەسێک دیدو رای پێچەوانەی ئەمە بێت، کافرە.

٨ـ باوەڕبوون بە هەبوونی رۆژی دوایی و حەتمێتی هاتنی، فەرزە.

هەروەها باوەڕبوون بە هەموو ئەو هەواڵ و باسانەی دەربارەی

-بە بەڵگەی سەحیح- سەلمێنراوە، لە: مەرج و دەرکەوتنی نیشانەکانی پێش هاتنی ڕۆژی دوایی خۆی.

٩ـ باوەڕبوون بە قەزاوقەدەر، کە چاکەو خراپە هەر لە خوای گەورەوەیە.

خوای گەورە پێش بوونی شت،[١] دەیزانی دەبێت. ئەمەشی لە (لەوحولمەحفووز)دا نوسیووە.

ئەوەی خوای گەورە ویستێتی بووە، ئەوی ئەو نەیویستووە نەبووە، هەرچییەک ئەو نەیەوێت نابێت.

ئەو توانای بەسەر هەموو شتەکاندا دەشکێت، خۆی هەموو شتەکانی دروستکردووەو هەرچییەکی بوێت دەتوانێت بیکات.

١٠ـ باوەڕبوون بە هەموو ئەو نادیارانەی بەڵگەی شەرعییان لەسەر هەیە، وەکو: (عەرش و کورسی و بەهەشت و دۆزەخ و خۆشی و ناخۆشی ناوگۆڕو پردی سیڕات و تەرازووی چاکەوخراپەکێشان) و ئەوانیترو ڕێشنەدرێت لێکدانەوەی بێ بەڵگەیان بۆ بکرێت.

١١ـ باوەڕببون بە شەفاعەت (تکاکاریی) پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و شەفاعەتی پێغەمبەرانی تر سەلامی خوایان لێبێت.

---

[١] پێش بوونی بزاوت و سرەوت و کات و شوێن و چۆنیەتیی حاڵەتی شتەکە.

هەروەها شەفاعەتی فریشتەکان و پیاوچاکان و هیـتر لە رۆژی دواییدا، بەو تەفسیلاتەی کە لە بەڵگە سەحیحەکاندا هاتوون.

١٢ـ باوەڕبوون بەوەی کە موسوڵمانان لە کات و شوێنی حەشرو لە بەهەشتدا خوای پەروەردگاری خۆیان دەبینن.

ئەمە حەقەو هەرکەسێک نکوڵی لێبکات، یان لێکدانەوەی تری بۆبکات، گومڕایە.. ئەم بینینە لە دنیادا بۆ هـیچ کەسـێک نەبـووەو نییە.

١٣ـ باوەڕبوون بەکەڕاماتی ئەولیاو پیاوچاکان، کە حەقە، بەڵام هەموو ڕووداوو رەفتارێکی نائاسایی کەڕامات نییە.

دەشـــێت (ئیســـتیدراج) بێـــت، یـــان دەشـــێت لە کـــاریگەریی شەیتانەکان و جـادوگەرانەوە بێـت، پێـوەری بە ڕەوا یـان بەنـاڕەوا زانینی ئەم رەفتارانە، قورئان و سوننەتە.

١٤ــ موسـوڵمانان هەموویـان ئەولیـای خـوای گەورەن، هەمـوو موسولمانێک بە قەدەر ڕادەو بڕی ئیمان و تەقـواکەی (وەلیـیەت)ی تێدایە.

چوارەم: مافی تەنها پەرستنی خوای گەورە (تەوحیدی خوایەتی: الألوهية).

١ـ خوای گەورە یەکەو تاک و تەنهایە، هیچ هاوبەشـێکی نە لە پەروەردگارێتییەکەیدا هەیەو، نە لە خوایەتییەکەیـداو، نە لە نـاوو سیفەتەکانیدا.

ئەو، خوای پەروەردگاری جیهانیانەو تەنها ئەو شایانی هەمـوو جۆرە پەرستنەکانە،کە بۆی بکرێت.

٢ـ نابێت و ناشێت -بە هیچ ڕادەو بڕێک- هیچ جۆرە پەرستنێک بۆ غەیری خوای تاکوپاک بکرێت.

وەکــو: (لێپـــاڕانەوەو هانـــابۆبردن و داوای یـــارمەتیلێکردن و نەزربۆلەخۆگرتن و نەزرکردن و قوربانی بۆکردن.. یان پشتبەستن و لێترسان و ئومێدپێوەبەستن و خۆشویستن و هیتر).

هەر شتێک لەمانە -بە هەر ڕادە و بڕ و شێوازو چـۆنییەتییەک- بــۆ غەیــری خــوای گەورە بکرێــت، شــیرکە، بەهەر نیـــیەت و مەبەستێک بێت، هاوبەشدانانە بۆ خوای تاکوپاک...

جـا بـۆ فریشـتەیەک بکرێـت، یـان بـۆ پێغەمبەرێـک، یـان بـۆ پیاوچاکێک، یان بۆ هەر کەس و شتێکی تر..

٣-له بنه‌ماكانی خواپه‌رستیی ئه‌وه‌یه: كه ده‌بێ به‌خۆشه‌ویستیی و ترس و ئومێده‌وه خوای گه‌وره بپه‌رسترێت.

لێكجوداكردنه‌وه‌ی ئه‌م سێیه‌و خواپه‌رستن به‌یه‌كێكیان، یان به دوانیان بێئه‌وه‌ی تر، گومڕاییه.

وه‌كـــو زانـــایه‌ک ده‌فه‌رمـــوێ: (هه‌ر كه‌ســـێک ته‌نهـــا له‌به‌ر خۆشه‌ویستی، خوای گه‌وره بپه‌رستێت، ئه‌وه زه‌ندیقه.

هه‌ر كه‌سێک هه‌ر له ترسـاندا بیپه‌رسـتێت، ئه‌وه حه‌ره‌ورویـی (خه‌واریج)ه.

هه‌ر كه‌سێک هه‌ر به ئومێده‌وه بیپه‌رستێت، ئه‌وه مورجیئه‌یه).

٤ــــ ملكه‌چكـــردن و گـــوێڕایه‌ڵی ته‌واو بـــۆ خـــوای گه‌وره‌و پێغه‌مبه‌ری خوا صلى الله عليه وسلم و، باوه‌ڕبوون به‌خوای گه‌وره ،كه په‌روه‌ردگارو په‌رستراوو داوه‌ره‌و، له هیچ مه‌خلوقێک له هـیچ بڕیارێكییدا ته‌داخول ناكات و هاوبه‌شی حوكمكردنی نابێت.

هـیچ كه‌سـێكیش به هـیچ كلۆجێـک بـۆی نیـیه یاساوڕێسـای پـێچه‌وانه به شـه‌ریعه‌تی ئه‌و دابڕێژێـت، یـان داوه‌ریـی ببـاته لای غه‌یری شـه‌ریعه‌ته‌كه‌ی ئه‌و، یـان شـوێن ده‌سـتورێكی پـێچه‌وانه‌ی شه‌ریعه‌ته‌كه‌ی ئه‌و بكه‌وێت.

هه‌ر كه‌سێک رێسایه‌كی دینه‌كه‌ی ئه‌و بگۆڕێت، كافر ده‌بێـت، هه‌ر كه‌سێک لافی ئه‌وه لێبدات، كه بۆی هه‌یه به‌شه‌ریعه‌تی ئه‌وه‌و پابه‌ند نه‌بێت، كافر ده‌بێت.

٥ـ حوکمکردن بە غەیری ئەوەی، کە خوای گەورە ناردویەتییە خوارەوە، کوفری گەورەیەو دەشێت لە حاڵەتێکدا ببێتە کوفری گچکە.

أ- یەکەمیان بەوەیە، کە یاساو ڕێسایەک دەردەکات یان بە یاساو ڕێسایەکی پێچەوانەوە پابەنددەبێت و دەیچەسپێنێت،یان پێی وا دەبێت، کە ئەوە جائیزە.

ب- دووەمیان، ئەوەیە: کە لە حاڵەتێکی زاڵبوونی حەزو هەواوهەوەسی خۆیدا بڕیارێک بە پێچەوانەی شەریعەتی خواوە دەدات، لە کاتێکدا ،کە هەر بە ەنهەجی شەرعەکەوە پابەند دەمێنێت.

٦ـ دابەشکردنی دین بۆ (حەقیقەت)ێک، کە کەسانێکی تایبەت دەیزانن و (شەریعەت)ێک، کە عەوامی خەڵکی بە گشتی پێوەی پابەند دەبن.

هەروەها جوداکردنەوەی سیاسەت، یان چالاکی تر لە دین، ڕەفتارێکی باتڵە، هەرچی ڕەفتارێک -حەقیقەت بێت یان یاساو ڕێسا یان شتی تر- کە پێچەوانەی دینەکەبێت، کوفرە، یان گومڕاییە.

بە پێی خودی ڕەفتارەکەو ڕادەی لادانی لە دینەکە حوکمە شەرعییەکەی بەسەردا دەدرێت.

٧ــ هەر خوای گەورە، نادیار (غەیب) دەزانێت، غەیری ئەو

غەیـب نازانێـت، هەر کەسـێک لافـی ئەوە لێبـدات، کە یەکێکـی غەیری خوای گەورە غەیب دەزانێت، پێی کافر دەبێت.

ئەوەش بزانرێت، کە باوەڕبوون بەوەی، کە خـوای گەورە ئەگەر ویستی هەندێک کەس لە نادیارێک ئاگادارده‌کاتەوە، حەقە.

٨ـ بەڕاستزانینی فاڵگرەوەو جـادوگەران ،کـوفرەو چـوونە لایـان گوناحی گەورەیە.

٩ــ ئەو خاترانە(تەوەسسـول)ەی لە قورئانـدا هـاتووەو جـائیزە، ئەوەیە کە جۆرەهــــا خواپەرســــتی ئەنجامـــــدەدرێت بـــــۆ لەخوانزیکبوونەوە، ئەمەش سێ پۆلە:

أ- خاترانەی شیاو: ئەوەیە کە دەوترێت: خوایە لەبەرخاتری ناوو سیفەتەکانی خـۆت، یـان دەوترێـت: خـوایە لەبەر ئەو کارەچـاکەی لەبەرخاتری تۆ کـردوومە، یـان بەکەسـێکی پیاوچـاکێکی زینـدوو بوترێت: دوعامان بۆبکە.

ب - خــاترانەی بیــدعەیی: ئەوەیە کە داوایەکــی خــاترانەی وا بکات، کە لە شەرعدا نەهاتبێت، وەکو: داواکردن لەبەرخاتری زاتی پێغەمبەران و پیاوچاکان، یان لەبەرخاتری پـلەو مەنـزیلەو مـاف و رێزییان ،یان شتی تریان داوا لەخوای گەورە بکات.

ج -خـاترانەی شـیرکییانە: کە مـردوویەک بکـات بەواسـیتەی نێوان خۆی و خوای گەورە، یـان لێـی بپـاڕێتەوە، یـان ڕاسـتەوخۆ داوای دەبرکردنــی پێداویســتییەکانی لە مــردووەکە بکــات، یــان رەفتاری تری هاوشێوە.

١٠ـــ پیرۆزیـــی وبەرەکەت لە خـــوای گەورەوەیە. بەرەکەت و تەبەڕوک: بریتییە لە خێرو زیادەی خێر، کە لە شتێکدا دەبێت:

_ لە کاتدا: وەکو: شەوی قەدر - لە شوێندا: وەکو سێ مزگەوتە پیرۆزەکە.

- لە کەرەستەدا: وەکو: ئاوی زمزم - لە کردەوەدا: وەکو: هەموو کردەوە چاکەکان.

_ لە کەسەکاندا: وەکو: خـودی پێغەمـبەران (سـەلامی خوایـان لێبێت).

تەبەڕوک بە کەســـــی تـــــرەوە ناکرێـــــت، نە بەخۆیـــــان و نە بەئاسەوارەکانیان، جگە لە زاتی پێغەمبەری خـوا صـلی اللـه علیـه وسلم و ئاسەوارەکانی کە بەڵگەی شەرعییان لەسەر هاتووە.

ئەمەش بە کۆچی دوایی کردنی (علیه الصلاة والسلام) کۆتایی پێهاتووە.

دەشـێت خـوای گەورە بەرەکەتـی خـۆی بخـاتە هەنـدێک لە مەخلووقەکانییەوە،بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێـت، کە هـیچ شـتێک لەم بارەوە بە بێ هەبوونی بەڵگەی شەرعیی ناسەلمێنرێت.

١١ـ تەبەڕوک لە ڕەفتارە تەوقیفییەکانە، نابێت هیچ شتێک بە موبارەک بزانرێت و بۆ تەبەڕوک رەفتاری لەگەڵدا بکرێت، بە بێ هەبوونی بەڵگەی شەرعیی.

١٢ـ ڕەفتاری خەڵک لە چوونەسەر گۆڕدا سێ جۆرە:

یەکەم: زیارەتی شیاو: بریتییە لە: چوونەسەرگۆڕ، یان گۆڕستان، بۆ سەلامکردن لە مردووەکەو دوعابۆکردنی، یان بۆ بیرکەوتنەوەی مردن و قیامەت.

دووەم: زیـــارەتی بیـــدعەیی: کە ڕێ لە تەواوبـــوونی تەوحیـــد دەگرێت،کە لەوانەیە سەریش بکێشێت بۆ شیرک.

بیدعەیی وەکـو ئەوەی مەبەسـتی لە زیـارەتەکە : ئەنجامـدانی پەرستنێک بێت بۆ خـوای گەورەو بە ئومێـدی نزیکبـوونەوە لێـی، بەڵام بە واســیتەی مــردووەکەوە، یــان مەبەســتی بەدەســتهێنانی بەرەکەت بێت لە مەرقەدەکەوە، یان لە مردووەکەوە، یـان بیەوێـت بە واسیتەی گۆڕنشینەکەوە خێرەکەی قبووڵ ببێت..

یان بچێتە سـەر گـۆڕەکە بـۆ هەڵبەسـتن و مـۆم داگیرسـاندن و گومەز لەسەردانانی، یان بۆ بیناکردنی مزگەوتێک لەسەر گۆڕەکە، یـان چـوونە زیـارەتی خـودی مەرقەدەکە -بەتـایبەت- بە ئومێـدی پاداشـتی خـوایی.. یـان رەفتـاری تـری هاوشـێوە، کە لە شـەرعدا بەرهەڵستییان لێکراوەو ڕێیان لێگیراوە، چونکە هیچ ئەسڵێکیان لە بەڵگەی شەرعییدا نییە.

سـێیەم: زیـارەتی شـیرکیی: کە پـێچەوانەی خوابەیەکناسـینە، چونکە ئەنجامدانی پەرستنێکە بۆ نیشـتەجێی گـۆڕەکە، کە دەبـوو تەنهاو تەنها بۆ خوای گەورە بکرایاو بەس.

وەکو: پاڕانەوەی لە خاوەن گۆڕەکە، لە جیاتی پاڕانەوەی لە خوای گەورە، یان هاناو هاواربۆبردنی، کە دەبوو بۆ خوای گەورەی بکات، یان تەوافکردن (خولانەوە)ی بە دەوری گۆڕەکەدا، یان قوربانیکردنی بۆی، یان نەزرلەخۆگرتن بۆی، یان پەرستنی تر..

١٣ـ هۆکارو وەسیلەکان هەر حوکمی مەبەستەکانیان هەیە.

بۆیە دەبێ رێ لە هەموو هۆکارو وەسیلەو شێوازە رەفتارێک بگیرێت، کە سەربکێشێت بۆ شیرک، یان بۆ بیدعەسازیی.. چونکە هەموو داهێنراوێک بیدعەیەو، هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە.

پێنجەم: بـــاوەڕ

١ـ باوەڕ گوفتارو کردارە، زیادو کەمدەکات.

باوەڕ: گوفتاری دڵ و زمان و کرداری دڵ و زمان و جەستەیە.

- گوفتاری دڵ: بـاوەڕپێبوون و بەڕاسـتگۆزانینە. گوفتـاری زمان: بڕیاردانە.

- کـرداری دڵ: خۆتەسـلیمکردن و خواویسـتیی و ملکەچیـی وخۆشویستن و ویستنی کاروکردەوەی چاکەیە.

- کرداری ئەنـدامانی لەش: ئەنجامـدانی فەرمـانپێکراوان و دوورکەوتنەوەیە لە بەرهەڵستیلێکراون.

٢ـ هەر کەسێک پێی وا بێـت کـردار لە پێکهـاتەی بـاوەڕنییە، ئەوە مـورجیئەیە. هەرکەسـێک ئیزافـاتی تـری بـۆ بـاوەڕکرد، ئەوە بیدعەچییە.

٣ـ هەر کەسێک بڕیاری شایەتمانی نەدابێت و راینەگەیاندبێت، نـــاووحوکمی موســـوڵمان –نەلەدنیـــاداو نە لە رۆژی دواییـــدا- نایگرێتەوە.

٤ـ ئیسلام و ئیمان دوو زاراوەی شەرعین، پەیوەندی گشتێتی و تایبەتێتییان لە نێواندایە، ئەوانەی ئەهلی قیبلەن پێیان دەوترێت: موسوڵمان.

٥ـ بکەری گوناحی گەورە لە بازنەی باوەڕ ناچێتە دەرەوە، لە دنیادا موسوڵمانە، بەڵام باوەڕەکەی نوقسانە، لە قیامەتیشدا دەکەوێتە ژێر بەزەیی خوای میهرەبان، کە دەشێت لێیخۆشببێت و دەشێت سزای بدات.

موەححیدەکان (هەموو ئەوانەی خوایان بە یەک ناسیووەو تەنها ئەویان پەرستووە) بەهەشتین، ئەگەرچی تێشیاندایە، کە لە دۆزەخدا سزا دەدرێت، بەڵام کەسیان بەنەمریی لە دۆزەخدا نامێننەوە.

٦ـ ناشێت بە کەسێکی دیاریکراو بوترێت: بەهەشتییە یان دۆزەخییە، مەگەر بە دەقێکی شەرعی ئەوەی بەرامبەر سەلمێنرابێت.

٧ـ کوفر لە لە زاراوە شەرعییەکاندا دوو بەشە: کوفری گەورە، کە خاوەنەکەی لە دین و ئوممەت دەکاتە دەرەوە.

کوفری گچکە، کە خاوەنەکەی لە دین و ئوممەت ناکاتە دەرەوە، ئەمە هەر ئەوەیە، کە پێشی دەڵێن: کوفری کردەوەیی.

٨ـ تەکفیر (بەکافردانان) حوکمێکە دەبێت بە بەڵگەی قورئان و سوننەت بسەلمێنرێت، بۆیە نابێت موسوڵمان بەئەنجامدانی گوفتارێک، یان کردارێک -بێ هەبوونی بەڵگەی شەرعی- بە کافر دابنرێت.

مەرج نییە کە حوکمێکی گشتی بەکافردانان گوفتارێک یان

کردارێک بگرێتەوە، شموولی کەسێکی دیاریکراو بکـات، مەگەر مەرجەکـانی حـوکمی بەکافردانـانی تێـدا هـاتبنەدیی و بەربەسـتی شەرعیی لە دەرکردنی حوکمەکەدا نەبێت.

بەکافردانـان لە خەتەرتـرین حوکمـدانە، بـۆیە پێویسـتە سـڵی لێبکرێتەوەو، حەزەر لە بەکافردانانی موسوڵماندا بکرێت.

٩ـ لە دەرکردنی حوکمی گشتیی تەکفیردا (کە موفتی و قـازیی تێیدا بەشدارن) دەبێ چوار روکنی حوکمەکە بچەسپێت:

أـ ئەو مەرجـانەی دەبـێ لە بـکەری رەفتـارەکەدا هەبـن، وەکـو بـاڵغێتیی و ئـاقڵێتیی و زانینـی ئەوەی، کە رەفتـارەکە کـوفرینەو ئەمیش بە ئەنقەست و بە ویستی سەربەستەوە نواندوێتی.

ب _ ئەو مەرجانەی دەبـێ لە رەفتـارەکەدا هەبـن، کە هۆکـاری دەرچوونی حوکمە شەرعییەکەیە.

وەکو ئەوەی کە دەبێ بەڵگەی شەرعی رۆشن و راشکاوی بێ گومـان لەسـەر ئەوە هەبێـت کە رەفتـارەکە کـوفرینەو بەڵـگە شەرعییەکە راشکاوانەو بێگومان دەیگرێتەوە.

ج _ ئەو مەرجانەی دەبـێ لە چـۆنەتیی سـەلماندنی رەفتـارەکەدا هەبن، کە دەبێ کوفرێتی رەفتارەکە (گوفتاربووبێت یان کـردار) بە شێوازی شەرعییانە بسەلمێنرێت.

د _ نابێت هیچ رێگرێکی شەرعیی -وەکو نەزانین و ناچـارکردن و تەئویل - لە کێشەکەدا هەبێت.

١٠ـ دەرکردنـی حـوکمی تەکفیـری دیـاریکراو دەبێـت لە لایەن کەســـێکی شـــیاوکراو (مـــوئەههەل)ەو بێـــت، کە قـــازییەکی تەعیینکراوی دەسەڵاتێکی شەرعیی دەبێت، یـان مـوفتییەکی نـاو خەڵکەو بە زانستی شەرعیی و تەقواکاریی ناسراوە.

دەتوانێت بەڵـگەی شـەرعیی لە سـەرچاوەکانییەوە بهێنێـتەوەو دینداریێتیی ورەفتارو رەوشتیشی جێمتمانە (ثقة)ن.

شەشەم: قورئان و ئاخاوتن.

١ـ قورئان بەپیت و مانایەوە- فەرمایشتی خوای گەورەیە، خەلق نەکراوە، لە خوای گەورەوە دابەزییووە، بۆلای ئەویش دەگەڕێتەوە.

قورئان موعجیزەیە، بەڵـگەیە لەسـەر ڕاسـتگۆیی ئەو کەسـەی بۆی هاتۆتە خـوارەوە (علیـه الصـلاة والسـلام)، تـا ڕۆژی دوایـیش هەروا بە پارێزراوی دەمێنێتەوە.

٢ـ خوای گەورە دەربارەی هەر شتێک و هەر کاتێـک و بە هەر چۆنییەتییەک بیەوێت دەدوێت.

قسەکردنی ڕاسـتییە، بەدەنـگ وپیـتە، ئـێمە چـۆنییەتییەکەی نازانین و ناشکەوینە قسەوباس لێکردنییەوە.

٣ـ ئەوەی کە دەوترێت، کە قسەکردنەکەی خوای گەورە واتـای دەروونییە، یان قورئان گێڕانەوەیە، یان دەستەواژەیە، یـان مەجـازە،

یان بۆهاتنه، یان وەسفی تری هاوشێوه، ئەمانه هەمووی گـومڕایی و لارێبوونەو دەشێت بگاته پلەی کوفر.

٤ـ هەر کەسـێک نکـوڵی له شـتێکی قورئـان بکـات، یـان لاف وگەزافی ئەوه لێبدات، که گوایه: نوقسانه، یان زیادەی تێدایه، یان لێلادات، کافردەبێت.

٥ـ قورئان دەبێت به پێی ئەو ڕێسایانەی له مەنهەجـی سـەلەفدا هەن لێکبــدرێتەوه، به راوبۆچــوونی خــۆ لێکنــادرێتەوه، چــونکه دەشێت قسه به ناوی خواوه بکات بێئەوەی زانیاری هەبێت.

ئەوجۆرەو لێکدانەوەی باطنییەکان هەیانه، کوفره.

حەوتەم: قەزاوقەدەر.

١ـ باوەڕبوون بەوەی خێرو شەڕی قەزاوقەدەر لەلای خوای گەورەوە دێن، یەکێکە لە ڕوکنەکانی باوەڕهێنان،کە بریتییە لە: باوەڕبوون بە هەموو ئەو دەقانەی باس لە قەدەرو ئاستەکانی دەکەن: (زانین، نوسین، ویست، خەلقکردن).

هەروەها باوەڕبوون بەوەی، کە بڕیاری خوای گەورە ڕەتکردنەوەی نییەو کەسیش بۆی نییە دەستکاری بڕیارەکانی بە هیچ شێوەیەک بکات.

٢ـ ویست و فەرمانی خوای گەورە -کە لە قورئان و سوننەتدا هاتوون- دوو جۆرن:

أـ ویستی گەردوونیی قەدەرییانە(کەبەمانای حەزکردنە)، هەروەها فەرمانی گەردوونی قەدەرییانە.

ب ـ ویستی شەرعییانە (کە بە خۆشەویستی خوای گەورەوە پەیوەستە)، هەروەها فەرمانی شەرعییانە.

مەخلوقەکانیش ویست و حەزیان هەیە، بەڵام سەربەویست و حەزی خوای کردگاریانە.

٣ـ ڕێنماییکردن و گومڕاییکردنی خەڵکی بە دەست خوای گەورەیە، هەیانە خوای گەورە هەر لە فەزڵ و گەورەیی خۆیەوە هیدایەتی داوەو، هەشیانە - بەدادی خواویستی- گومڕاییەکەی لەسەر فەڕزبووە.

٤ـ مرۆڤ و کردەوەکانیان مەخلوقاتی خوان، چونکە خوایەکی تری کردگار نییە، خوای گەورە کردگاری کردەوەی مەخلوقەکانە، بەڵام مەخلوقەکان لە راستییدا خۆیان بکەری کردەوەکانیانن.

٥ـ کردارەکانی خوای گەورە هەموویان بەدانایی دەکرێن، هۆکارەکانیش هەر بە ویست و ئیرادەی خوای گەورە کاریگەرییان دەبێت.

٦ـ ئاکامی مردن (ئەجەل) نوسراوە، رۆزی دیاریکراوە. کامەرانی و کوێرەوەریی پێش خەلقبوونی کەسەکان لەسەریان نوسراوە.

٧ـ بەڵگەهێنانەوە بە قەزاوقەدەری خوایی لە بەڵاو موسیبەت و ئازاردا شیاوە، بەڵام لە گوناحکارییدا نەشیاوە، هەر کەسێک گوناحی کردو وتی: قەزاوقەدەرە، لۆمەکراوەو دەبێت تۆبە لە قسەکەشی بکات.

٨ـ ئیعتیمادکردنە سەر هۆکار (بەتەنها) هاوبەشدانانە بۆ خوای گەورە، وازهێنانی تەواویش لە هۆکار تانەدانە لە شەرع.

نکوڵیکردن لە کاریگەریی هۆکار پێچەوانەی شەرع و ئەقڵە،پشتبەستن بەخوای گەورە رێ لە گرتنەبەریی هۆکار ناگرێت.

هەشتەم: ئوممەت (گەل).

١ـ مەبەست لە کۆمەڵ (الجماعة) لێرەدا: یـاوەرانی پێغەمـبەری خوا صلی الله علیه وسلم و شـوێنکەوتوانی ئەوانـن لەسـەر خێـرو چاکەکاریی، کە تا ڕۆژی دوایی لەسـەر دیـدو رێـی ئەوان دەڕۆن، کۆمەڵەی سەرفراز (الفرقة الناجیة) هەر ئەمانن.

هەر کەسێک پابەندی دیـدوڕێی ئەمـان بێـت _ئەگەرچـی لە هەندێک بەشـی گچکەشـدا بەهەڵەدا چووبێـت_ هەر لەم کـۆمەڵە هەژمار دەکرێت.

٢ـ تەفرەقەنانەوە لە دیندا جائیز نییە، نابێت ناکۆکیی و فیتـنە لە ناو موسوڵمانان‌اندا دروستبکرێت.

گەڕانەوە سەر قورئان و سوننەت و دیدوڕێی سەلەف -یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان موسوڵمانان- فەرزە.

٣- هەر کەسـێک لە کـۆمەڵ لابـدات، پێویسـتە ئامۆژگـاریی بکرێت، دەبێ بانگهێشـتبکرێتەوە بـۆ نـاو کـۆمەڵەکەو بە شـێوەی جـوان و نەرمونیـان موناقەشـەی لەگەڵـدا بکرێـت و هەنجەتـی ببڕێت.

ئەگەر پەشیمانبۆوەو گەڕایەوە دەبـێ قبـووڵبکرێتەوە، ئەگەر نـا بەو سزا شەرعییەی شایانێتی سزا دەدرێت.

٤- پێویسـتە خەڵکـی بە مەبـدەئە سـەرەکییەکانی ئیسـلامەوە

پابەنـدبکرێن، ئەوانەی لە قورئـان و سـوننەت و کـۆڕا (ئـیجماع)دا هاتوون.

ناشێت عەوامی موسوڵمانان بە مەسەلە وردەکارییەکانی دین و واتا قووڵەکان تاقیبکرێنەوە.

٥- ئەسڵ لە وەسـفی موسـوڵماندا ئەوەیە کە نییەتـی دروسـت و عەقیدەی پاکە، تا پێچەوانەی ئەمانەی لێوە دەردەکەوێت.

بۆیە حوکمی گشتی رەفتاری موسوڵمان وا دەدرێـت ،کە چـاکە، ئەگەر نییەت پیسیی و کەللـەڕەقیی لێـوە دەرکەوت، ناشـێت هەر بە باشە بۆی لێکبدرێتەوە.

٦ــ ئەو کـۆمەڵ و تـاقم و دەسـتانەی ئەهلـی قیـبلەن، بەڵام لە دەرەوەی بازنەی سـوننەتدان، هەڕەشـەی بەفەتـارەتچوون و سـزای دۆزەخیان لەسەر دەبێت.

حوکمیشـیان حـوکمی گشـتی ئەوانەیە، کە کەوتـوونەتە بەر هەڕەشـەی خـوایی، مەگەر کەسـانێکیان کە لە نـاخی خۆیانـدا کافربن..

٧ـ نوێژی هەینی و نوێژی بەکۆمەڵی مزگەوت لە گەورەترین دروشمە دیارەکانی ئیسلامن.

نوێژ لە دوای کەسی حاڵنەزانراوەوە جائیزە، وەلکردنی - بە بەهانەی ئەوەی نازانین حاڵنەزانراوەکە چۆنە- بیدعەیە.

٨ـ نوێژی جەماعەت لە دوای بیدعەچییەوە، کە بیدعەکەی ئاشکراکردبێت، هەروەها لە دوای فاسقێکەوە کە گوناحی گەورەی لێوەدەرکەوتبێت، جائیز نییە.

بەو مەرجەی کەسانی شیاو لەو کات و شوێنەدا نەبووبن نوێژەکەیان لەدواوە بکرێت، لەم حاڵەتەدا جائیزە.

بەڵام لە کاتی هەبوونی کەسی شیاودا نوێژکردن لەدوای بیدعەچیی و فاسقەکەوە هۆکاری گوناحبوونە، مەگەر خراپەیەکی گەورەتری پێلابدرێت.

ناشکرێت نوێژی هەینی و نوێژی بەکۆمەڵی مزگەوت وەلبکرێن.

هەر کەسێک حوکمی کافربوونی درا، نوێژکردن لە دوایەوە جائیز نامێنێت.

نۆیەم: دەسەڵاتی سیاسی:

ئەحکامی ئیمامەت (دەسەڵات):

١ـ حاکمێتیی (دەسەڵاتی یاسادارِشتن و فەرمانڕەوایی سیاسیی و دەستووریی و داوەریی) مافی خوای گەورەیە، بە سنووری دیاریکراوەوە بەخشیوێتی بە هەندێک مرۆڤ:

أـ پۆلی یەکەم: هەموو نێرراوە پێغەمبەرەکان سەلامی خوایان لێبێت مافی حاکمێتییان لە کۆمەڵگەکانی خۆیاندا هەبووە.

ئەم بەڕێزانە (رسول و نبي و إمام) بوون، بۆ نموونە: پێنج ئولولعەزمەکە: (نوح و ئیبراهیم و موساو عیساو موحەممەد) (سەلامی خوایان لێ بێت).

ب ـ پۆلی دووەم: لەسەر پەیامی نێرراوە خاوەن پەیامەکەی پێش خۆیان رۆیشتوون و حوکمیان بەو کردووە.

ئەم بەڕێزانە (نبي و إمام) بوون، بۆ نموونە: ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانەی لە نێوان سەیدنا موساو سەیدنا عیسادا (علیهم السلام) بۆ بەنوئیسرائیل هاتوون، وەکو : سەیدنا (داودو سولەیمان) علیهما السلام.

ج ـ پۆلی سێیەم: ئەوانەی، کە نێرراو، یان پێغەمبەر نەبوون و یاوەری ئەوان بوون، یان لەسەر دیدو رێی ئەوان بوون، هەر (إمام) بوون، وەکو: چوار خولەفای راشیدین (خوا لێیان رازی بێت).

٢ـ لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامیی خەلیفەیە، کە پێشی وتراوە: (ئەمیرولموئمنین)، سیستمی حوکمڕانییەکە خیلافەتە، کە شەرعناسان و زانایان پێیان وتووە: ئیمامەتیی مەزن (الإمامة الکبری)[١].

مەرجە لەسەر دیدو رێی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و خەلیفە راشیدینەکانی بێت.

---

[١] فەرزێتی خیلافەت بە بەڵگەی بنبڕی دەقی قورئان و سوننەت و کۆڕا (ئیجماع)ی یاوەران و بە بەڵگەی هزرو ژیریی و بەرژەوەندی واقیعیی سەلمێنراوە

٣ـ ئیمامەتی مەزن: دەسەڵاتی تەواویی حوکمکردنە[١]، بە کۆڕا (ئـیجماع)ی ئـوممەت دەبێـت، بەهەڵبژاردنـی ئـوممەت بـۆی و بەبەیعەتپێدانی ئەهلی حەلل و عەقد دەچەسپێت.

خەلـیفە جێگـری ئـوممەتەکەیە لە ڕاپەڕانـدنی ئەحکامەکـانی شـەرعدا، کە دەبـێ ـبەپێـی ڕێسـا نەگۆڕەکـانی دیـن_ بێـت، تـا دادپەروەریـی بچەسـپێنێت، کە ئەمەی کـرد، لەسـەر ئـوممەتەکە فەرز دەبێت گوێڕایەڵیی و ملکەچیی دەربڕن بۆی.

٤ـ هەر کەسێک بە زۆر دەسـەڵاتی گرتەدەسـت و ڕای لەسـەر گردبـۆوە، پێویسـتە ملکەچیـی لە خێرخـوازیی و چاکەکارییـدا بـۆ دەرببڕرێت و ئامۆژگاری بکرێت. شۆڕشکردن و یاخیبوون دژی ئەم دەسەڵاتە حەرامە، مادام سەروەرێتی (دەسـەڵاتی بـاڵای وڵات) بـۆ شەرع پاراستووە.

کاتێـک کـوفرێکی زەق لە ئـیمام (خەلـیفە)وە دەردەکەوێـت کە بەڵگەی شەرعیی لەسەری هەبێت، لادانـی ئەوو دانـانی شـیاوێک لەسەر ئوممەتەکە فەرزدەبێت.

---

[١] ئیمامی حەرەمەین جوەینی لە کتێبی (غياث الأمم في إلتياث الظلم.ل: ١٥)دا دەفەرموێ: (الخلافة: رئاسة تامة، وزعامة عامة، تتعلق بالخاصة والعامة، في مهمات الدين والدنيا).. واتە: خیلافەت: سەرۆکایەتییەکی تەواوو، پێشەوایەتییەکی گشتییە کە هەموو کاروبارێکی تایبەت و گشتی دەگرێتەوە، لەوەی پەیوەندی بە دین و دنیاوە هەیە..

٥ـ نوێژو حەج و جیهادکردن لەگەڵ پێشەوایانی ئیسلامدا فەرزە، ئەگەرچی ستەمیش بکەن.

٦ـ جەنگ بەرپاکردن _لەسەر مەبەستی دنیایی یان هەست و ئینتیمای جاهیلیی_ لە نێوان موسوڵمانانندا حەرامە.

یەکێکە لە گوناحە هەرەگەورەکان، بەڵام جەنگ بەرپاکردن دژی بیدعەچیی و دەستدرێژکاران و یاخییان و هاوشێوەیان _ئەگەر بە غەیری کوشتار نەدەتوانرا خراپەکارییەکانیان دووربخرێتەوە_ جائیزە.

دەشێت بە پێی حاڵەت و بەرژەوەندیی ئوممەتەکە فەرزیش ببێت.

٧ـ یاوەرانی بەڕێز هەموویان جێمتمانەن، باشترین کەسانی ئەم ئوممەتەن، شاهیدیدان لەسەر موسوڵمانێتی و پیاوچاکیان، ئەسڵێکی بنبڕەو لە بەڵگەنەویستەکانی دینە.

خۆشویستنیان لە دینداریی و ئیمانداریییەوە دێت، بوغزاندنیان لە کوفرو دووڕوویییەوە دێت.

ڕێزیان دەگیرێت بێئەوەی تانەوتەشەریان لێبدرێت، یان تەدەخول بکرێتە ناکۆکییەکانی نێوانیان، بە شێوەیەک، کە لە قەدریان کەمبکاتەوە.

چاکترینی یاوەران: ئەبوبەکرە، پاشان عومەر، پاشان عوسمان،

پاشـــان عەلـــی، ئەمـــانە خولەفـــای راشـــیدینن. حـــوکمڕانی خیلافەتەکانیان هەر بەو ڕیزبەندییە کە ناویانی تێدا هاتووە.

٨ـ خۆشویستنی ئال وبەیتی پێغەمـبەری خـوا صـلی اللـه علیـه وسـلم و ڕێزگرتنـی ژنەکـانیی ـکە دایکـانی موسـولْمانانن ـ و رەچـاوکردنی فەزڵ و گەورەییـان، هەروەهـا زانینـی فەزڵـی پێشەوایانی سەلەف و زانایانی سوننەت و شوێنکەوتوانیان لەسەر خێـرو چـاکەو، دوورکەوتـنەوە لە بیـدعەچیی و هەواسـبازان، ئیماندارێتی و دیندارێتییە.

٩ـــ جیهـادکردن لە پێنـاوی خـوای گەورەدا لـوتکەی بڵنـدی ئیسلامەکەیەو، تا ڕۆژی قیامەت هەروا بەردەوام دەبێت.

١٠ـــ فەرمـانکردن بەچـاکەو بەرهەڵسـتیکردن لەخـراپە، لە گەورەتـرین دروشـمی ئیسـلامن و مـایەی پاراسـتنی کـۆمەڵی موسـوڵمانانن،کە بە پێـی هەبـوونی هێـزو توانـاو بەرژەوەنـدیی رەسەن و موعتەبەر، مومارەسە دەکرێت.

دەیەم: دارولئیسلام و دارولکوفر:

١ـ هۆکـاری حوکمـدان بەسـەر وڵاتێکـدا، کە دارولکـوفرە یـان دارولئیسلام جـۆری یاسـای وڵاتەکەیە، کە لە لایەن دەسـەڵاتداری خاوەن هێزەوە فەرمانی دارِشتن و پیادەکردنی بۆ دەرچووە..

٢ـ ئەگەر موسوڵمانانی وڵاتێـک ئەمانیـان بە دەسـت خۆیـانەوە نەبوو، با دروشـمی پەرسـتنەکانیش ـوەکـو: نـوێژی جەمـاعەت و هەینی و جەژنەکانیش بەئاشکرابکەن_ وڵاتەکە هەر بە دارولکوفر هەژمارد دەکرێت.

وەکو: وڵاتـی میسرـ لەسـەردەمی فاطمییەکانـدا، کە زانایـانی شـەرع لەسـەر ئەوە یەکـدەنگبوون کە میسرـ _لەژێـر دەسـەڵاتی فاطمییەکاندا_ بووە بە دارولکوفر.

٣ـ دینی زۆرینەی دانیشتوان، کاریگەریی لە حوکمدان لەسـەر وڵاتان نییە.

٤ـ ئاشکرایی خواپەرسـتیی، کـاریگەریی لە حوکمـدان لەسـەر وڵاتان نییە.

٥ــ ئەمـانی هەنـدێک لە دانیشـتوانی وڵات، کـاریگەریی لە حوکمی وڵاتان نییە.

٦ــــ کۆمەڵێــک ئەحکــامی شــەرعی هەن، کە پەیوەســتن بەحوکمدان بەسەر وڵاتێکدا ،کە ئایا دارالکوفرە ،یان دارولئیسلامە ؟!

گرنگترینیان ئەحکامی هیجرەت و جیهادە.. لەو ئەحکامەنە:

أ_ هیجرەتکــردن لە دارالکــوفرەوە بــۆ دارولئەمــان (کە هەر دارولکــوفرەو دژایەتــی موســوڵمانی کەمــتر لێــدەکرێت) ئەگەر

دارولئیسلام لە دنیادا نەمابوو، لەسەر ئەو کەسانەی توانایـان هەیە هیجرەت بکەن، فەرزدەبێت.

ب _ هەر کەسێک بە ئەمانێک چووە وڵاتی کـافرانەوە بە هـیچ شێوەیەک بۆی نیـیە خیـانەت لە خـوێن و سـامانی (خۆیـان و ئەو کەسـانەی لە ئەمـانی ئەواندانـدان)دا بکـات، چـونکە پەیمانـدان بەرپرسێتی لای خوای لەسەرە..

ج _ ئەو ڤیزەیەی موسـوڵمان دەسـتیدەکەوێت بـۆ ئەوەی بچێـتە وڵاتی کافرانی ئەسڵیەوە، بە گرێبەستی ئەمان دادەنرێـت. هەروەهـا قبووڵکردنی داوای پەنابەریی و ئیقامەو جنسیەی ئەو وڵاتە.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت

ئەهلی سوننەت و جەمـاعەت ،کـۆمەڵە سـەرفرازەکە (الفرقـة الناجیـــة)ن و ،پێشـــڕەوە ســـەلەفییە جیهادییەکانیشـــیان دەســـتە ســـەرخراوەکە (الطائفــة المنصــورة)ن، کە بە کۆمەڵێــک ســیفەتی تایبەتی لە غەیری ئەوان جودا دەکرێنەوە، لەوانە:

١ــــ بایەخــدانیان بە قورئـــان (بە لەبەرکـــردن و خوێنـــدنەوەو لێکدانەوەی)و بە فەرمووده (زانین و تێگەیشـتن و جـوێکردنەوەی سـەحیحی لە زەعیـف)، چـونکە فەرمـوودە سـەرچاوەی دووەمـی وەرگرتنی دینەکەیە، دەشـفەرموون: کە دەبـێ زانیـنەکە بە کـردەوە نیشانبدرێتەوە.

٢ـ وەرگرتنی دینەکە هەمووی، باوەڕبوون بە قورئـان هەمـووی، ئەهلی سوننەت و جەماعەت باوەڕیان بەدەقەکـانی بەڵێنـی خـوایی هەیە.

هەروەکـــو، کە باوەڕیـــان بە دەقەکـــانی هەڕەشـــەی خـــوایی هەیە،باوەڕیـــان بەو دەقـــانە هەیە، کە ســـیفەتەکانی خـــوای گەورە دەسەلمێنن، بەوانەش کە سیفاتی کەموکورتیی لێدوور دەخەنەوە.

لەوکاتەی باوەڕیان بە قەزاوقەدەری خوا هەیە، باوەڕیشـیان بە حەزو ویست و توانای عەبد هەیە لە ئەنجامدانی ڕەفتارییدا.

لەوکـاتەدا، کە زانسـت و خواپەرسـتیی پـێکەوە وەردەگـرن و دەیسازێنن، هێزو بەزەیـیش پـێکەوە وەردەگـرن و دەیسـازێنن، هەر ئاواش هۆکارو زاهیدێتی پێکەوە وەردەگرن و دەسازێنن.

٣ـ شوێنکەوتن و دوورکەوتنەوە لە بیدعەسازیی و گردبـوونەوە لەسـەر دیـدوڕێ و، وەلکردنـی ئەوانەی مـایەی تەفرەقەسـازیی و ناکۆکی و راجوێی دینیین.

٤ــــ رەچـــاوکردنی دیـــدو ڕێـــی پێشـــەوایانی جێمـــتمانەو ئیقتیـــداپێکردنیان لە وەرگرتنـــی هیـــدایەتی خـــوایی و دیـــن و دینداریيدا.

لە وەرگرتنـــی زانســـت و کارپێکردنییـــدا، لە بـــانگەوازو گرتنەبەریی هەڵوێستی یاوەران و هەڵوێستی ئەو کەسانەی لەسەر ڕێبازی ئەوان دەڕۆن و خۆدوورەپەرێزگرتن لە خۆلادان لە ڕێبازیان، لە بزاوت و هەڵوێستیان.

٥ـ میانڕەوێتی (التوسط)،کە بریتییە لە: تێگەیشتنی درووسـتی عەقیـدەکە، ئەهلـی سـوننەت و جەمـاعەت لە گوفتـارو رەفتـارو بڕیاریاندا : وان لە نێوان دەستەو تاقمی شلگیریی و دەستەو تاقمی توندڕەوییدا.

٦ـ سوورن لەسەر یەکخسـتنی هەڵوێسـتی موسـوڵمانان لەسـەر

حەق و رێکخستنی ریزەکانیان لەسەر تەوحیدو سوننەت.

سوورن لەسەر دوورکەوتنەوە لە هەموو هۆکارێکی ناکۆکیی و تەفرەقەی نێوان خۆیان.

٧ـ ئەرکەکانی گەیاندنی بانگەوازی خوایی و فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لەخراپەو جیهادکردن و زیندووکردنەوەی سوننەت و کارکردن بۆ نوێکردنەوەی دینەکەو، وەرگرتنی حوکمی شەرع لە شتی گەورەو گچکەدا بە فەرزی سەرشانی خۆیان دەزانن.

٨ـ دادپەروەریی و بە ئینصافیی: ئەهلی سوننەت و جەماعەت مافەکانی خوای گەورە دەخەنە پێش مافەکانی خۆیان و کۆمەڵەکەیان.

مافی کەس پێشێل ناکەن، لە دۆستایەتییدا بە ناهەق لەسەر کەس ناکەنەوەو لە دوژمنداریێتییدا سنووری مافی کەس نابەزێنن.

٩- شوێنکەوتوانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت _هەرچەند لە کات و شوێندا دووریش بن لەیەک_ لە تێگەیشتنی مەنهەجدا وەکویەکن، لە بزاوت و هەڵوێستدا هاوشێوەی یەکن، چونکە سەرچاوەی لێوەرگرتن و چۆنییەتی لێوەوەرگرتنیان یەکە.

١٠- ئەهلی سوننەت و جەماعەت بە چاکەکاریی و رەوشتی پارسەنگ و رەفتاری بە بەزەییانە لەگەڵ هەموو خەڵکییدا ناسراون.

١١ـ ئامۆژگارییان بۆ خوای گەورەو بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و بۆ پێشەوایانی موسوڵمانان و هەموو موسوڵمانانە بە گشتی.

١٢- بایەخدان بە کاروباری موسوڵمانان و لەسەرکردنەوەو سەرخستنیان و بەدەستهێنانی مافەکانیان و ڕێگرتن لە زیان و ئازار پێگەیشتنیان، سیماو سیفەتی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە.

پوختەی دیدو ڕێمان:

١ـ باوەڕمان وایە: کە مرۆڤ بۆ جیبەجێکردنی ئەرکی ئیستیخلاف نێرراوەتە سەرزەمین.

٢ـ شوێنکەوتوانی وەحیی دەبێت شارەزای زانستییەکانی شەرع بین و بە سییرەی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت)و هەڵوێست و بزاوتی یاوەرانیان پەروەردەبین.

٣- ئەرکی ئیستیخلاف، کۆمەڵکاریی ئوممەتی عەقایدیی دەخوازێت، کە ڕوکنەکانی بریتین لە: (ئیمان و هیجرەت و جیهادو دالّدەدان و سەرخستن).

٤ـ ڕوونکردنەوەی دینەکەی خوا بۆ موسوڵمان و کافر، هەروەها فەرمان بەچاکەو بەرهەڵستی لە خراپە ـکە ئەرکی ناوخۆیی تاک وکۆی موسوڵمانانەـ هەروەها جیهاد ـکە ئەرکی تاک وکۆی دەرەکیی موسوڵمانانەو بەرامبەر کافرانی شەڕانی دەکرێتـ بەشێکن لە ئەرکی ئیستیخلاف،کە پێش و پاش تەمکین دەکرێن.

٥ــ ئەستەمە هەمـوو ئەحکامەکـانی ئیسـلام –پـێکەوە- بەبـێ خیلافەت، کە دەسەڵات و هێزە- ڕابپەڕێنرێن.

بۆیە فەرزی سەرشانی تاک وکـۆی موسـوڵمانە، کە خیلافەتـی ئیسـلامی بهێنــنەوە، کە هێــزە ڕۆژئــاواییە ئیسـتیعماریيەکان ئیلغایانکردەوە[1]، تا شەریعەتی ئیسلام ببێتەوە بە دەستورو یاسـای ئوممەتەکە، کە ١٢٩١ ساڵ دەستوری حوکمڕانی موسوڵمانان بوو.

سوپاس بۆ خوا تەواوبوو

[1] لە ١٩٢٤/٣/٣دا بە مستەفا کەمالیان ئیلغاکردەوە کە بوو بە یەکەمین حاکمی عەلەمانی لە تورکیاو لە وڵاتی موسوڵماناندا.

پێناسەی

پایەكانی ئیسلام

پێنج ڕوکنەکەی ئیسلام

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرموێ:

(بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالْحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ.[1]

ئیسلام لەسەر پێنج پایە دامەزراوە:

١- شایەتمان.

٢- نوێژکردن.

٣- زەکاتدان.

٤- حەجکردن.[2]

٥- گرتنی ڕۆژووی رەمەزان.

---

[1] بوخاری (٨ و٤٥١٥)، موسلیم (١٦)، نەسائی (١٠٧/٨)، ترمذی (٢٦٠٩)، ئەحمەد (٢٦/٢، ٩٢، ١٢٠)، ئیبنوخوزەیمە (١٨٨٠/٣٠٨)، ئیبنوحیببان (١٤٤٦/١٥٨).

ڕوکنی یەکەم : شایەتمان

(أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَٰهَ إِلَّا اللّٰه وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ الله)

شـــاهێدی دەدەم،[1] کــە تــەنها خــوای گــەورە (اللــە) خــوای حەقیقییەو،شاهێدی دەدەم،کە (موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) نێرراوی خوایە.

گەورەیی شایەتمان:

- خوای گەورە خـۆی ئـەو شـاهێدییەیـداوە، کـە فەرموویـەتی: (شَهِدَ اللَّهُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ وَالْمَلَائِكَةُ وَأُولُو الْعِلْـمِ قَائِمًـا بِالْقِسْـطِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) آل عمران/١٨ .

واتە: خوای گەورە شاهێدیداوە کە هیچ خوایەکی حەقیقی جگـە لەو نییە، فریشـتەکانیش ئـەوە دەزانـن و شـاهێدییان لەسـەر داوە، هەروەها ئەو کەسـانەی، کـە شـارەزای زانسـت بـوون، کـە خـوای گەورە دادپەروەری پیادە دەکات.

---

[1] بەمانای: دەزانم (العلم) و دەیگەیێنم (الإعلام) و بڕیاری لەسەر دەدەم (الإقرار) و داوەریی پێدەکەم تا حەقی پێ یەکلابکەمەوە (القضاء) و حوکمڕانی پێدەکەم (الحکم).

هـیچ خوایـەك لـە حەقیقەتـدا خـوا نییـە، جگـە لـەو.. ئـەو دەسەڵاتدارو دانایە..

- پێغەمبەری خواش((صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))لە گەورەیی شایەتماندا فەرموویەتی: (مَا مِنْ أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلاَّ حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ).[1]

واتە: هەر کەسێك شاهێدی بدات، کە هیچ خوایە، جگە لە (الله) بەحەقیقەت خوا نییەو شاهێدی ئەوە بدات، کە (محـمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))نێرراوی خوایە، لە ناخی دڵ و دەرونییەوە ئەم شاهێدیە بدات، بە تەئکید خوای گەورە لە ئاگری دۆزەخی حەڕام دەکات و ناچێتەدۆزەخەوە.

- شـایەتمان لـە ئیسـلامدا زۆر گـەورەو گرنـگ و کاریگـەرە، ڕوکنـی یەکەمـەو چـەقی ئیسـلامەتییە، بـەوتنی شـایەتمان، کـافر موسوڵمان دەبێت.

ئەگەر سەرزارەکیش -بەدووڕوویی (مونافیقانە)-ش شـایەتمان بهێنێـت، لێـی قبوولـەو بەموسـوڵمان هـەژماردەکرێت، ئەگـەرچی لەحەقیقەتدا موسوڵمان نییە..

خوای گـەورە دەفـەرموێت: (إِنَّمَـا الْمُؤْمِنُـونَ الَّـذِينَ آمَنُـوا بِاللَّـهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا) الحجرات/١٥ .

---

[1] بوخاری (١٢٨).

واتە: موسوڵمانان تـەنها ئـەو کەسـانەن ،کـە باوەڕیـان بـەخواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)هێنـاوەو، دواتـر دوودڵ و ڕاڕا نەبوون تێیداو گومانیان لا دروست نەبووە لێی..

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرموێ: (أُمِـرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْـهَدُوا أَنْ لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّـهُ وَأَنَّ مُحَمَّـدًا رَسُـولُ اللَّهِ).[1]

واتە: فـەرمانم پێـدراوە، کـە لەگـەڵ خەڵکیـدا بجـەنگێم، تـا بڕیاردەدەن، کە هیچ خوایەك لە حەقیقەتدا، جگـە لـە (اللـە) نییـەو، محـمدیش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)نێرراوی خوایە..

مەبەست لەمە: قبوڵکردنی حوکمی ئیسلامە لە لایەن ئەوانەوە، کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی حوکمی ئیسلامەوە، بەڵام لە قبوڵکردنی ئیسلام -وەکو دین- دا ئازادن، کە لەسـەر دینـی خۆیـان دەمێننـەوە، یان موسوڵمان دەبن، ئەگەر لەسەر دینـی خۆیـان مانـەوە، ئـەمانیان دەدرێتێ و ناکرێنە سەربازو نانێررێنە جیهـاد، لـە بەرامبـەردا بـاج (زەریبە)یەك دەدەنە حکومەتی ئیسلامی.

[1] بوخاری (٢٥). موسلیم (٢٢).

بڕگەی یەکەمی
شایەتمانەکە (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ):

- بــە (لَا إِلَــهَ إِلَّا اللَّــهُ) دەوترێــت :(وشــەی تەوحیــد) چونکــە ئیعترافکردنە بەوەی، کە خوای پەروەردگار یەکە.

یەکە لە پەروەردگارێتیدا، واتە: لە کردگارێتیی و خـاوەنێتیی و زینــدوێتیی و ژیانــدن و مرانــدن و ڕۆزیــدان و زیانگەیانــدن و سوودبەخشین..

هــەروەها هەر یەکــە لە بێســنوریی (ڕەهــایی) ســیفەتەکانی تریشیدا، وەکو: (زانایی و دانایی و توانایی و دەسەڵات و...هتد).

- هەروەها ئیعترافە بەوە، کە خوای گەورە تاك و تەنهایەو یەکە، لە خوایەتییدا، واتە: لە تەقدیمکردنی دروشمەکانی پەرستندا بۆی.

دروشــمی پەرســتن دەشــێت بــە دڵ بێــت، وەکــو: خواویســتی (الإخلاص)، یان بە زمان هەر وەکو قورئانخوێندن، یـان بـە کـردەوە، وەکو: نوێژ، یان بەبەخشــین، وەکـو: زەکاتـدان، یـان ڕەفتـاری تـر، وەکو: سەردانی نەخۆش، کە دەبێ تەنها لەبەرخاتری خوا بێت.

- هەروەها ئیعترافە بەوەی، کـە تـەنها خـوای گـەورە کردگـارو پەروەردگارەو مافی یاساو ڕێساداڕشتن (شەریعەتدانان)ی هەیە...

کـەس بـەهیچ شـێوەیەك بـۆی نییـە یاسـایەك دابڕێژێـت، کـە پێچەوانەی شـەریعەتەکەی ئـەو بێـت، کـە بریتییـە لـە: قورئـان و سوننەت...

لەبەرامبــەر ئــەم ســێ مەیدانــەی تەوحیــددا: (خواناســین) و (خواپەرســتن) و(حــاکمێتی) خــوای گــەورەدا ســێ مەیــدانی (شیرك)یشی ڕوونکردۆتەوە، کـە بەرامبـەر هـەر یەکێکیانـەو دژن پێیان،وەکو:

- باوەڕبوون بەوەی رۆزیدەرێکی تریش غەیری خوا هەیـە، یـان کردگار و مرێنەرێك، ئەمە شیرکە لە ناسـینی خـوای تـاك وپاکـدا، واتە: لە پەروەردگارێتییدا.

- باوەڕبوون بەوەی،کە دەشێت خوایـەکی تـریش بپەرسـترێت، ئەمە شیرکە لە پەرستندا.

- باوەڕ بوون بەوەی، کە یاسادارِشتن پێچەوانەی شەرع جائیزە، ئەمە شیرکە لە شەرعدا.

ئەمانە شیرکن و هەر کەسێك باوەڕی وا بێت، یان مومارەسەیان بکــات، کافردەبێــت پێــی و، لــە دیــن و ئوممــەتی موســوڵمانان دەچێتەدەرەوە پێی.

- مەرجەکانی باوەڕ:

ئەوکەسەی کە باوەڕی بە (یەك) بوونی خوای گەورە هێناوە، دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێت.

هەندێك لە زانایانی ئیسلام دەفەرموون: زیاتریشە:

١- زانین: مانای (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) بزانێت، کەچی دەگەیەنێت.

٢- دڵنیایی: لێی دڵنیا بێت، نەك ڕاڕا و دوودڵ، یان گومانی تێدا مابێت.

٣- ملکەچبوون: بۆ هەموو ئەو ماناو واتاو ئەحکامانەی لێوە جوێبوونەتەوە.

٤- خواویستی: مەرجە ڕاستگۆ بێت لەباوەڕییداو مەبەستی خوای گەورەو ڕەزامەندیی ئەو بێت.

٥- ڕاستگۆیی: واتە لەگەڵ خوای گەورەو خۆی و خەڵکییدا ڕاستکات، کە باوەڕی هێناوە، دووڕوو (مونافیق) نەبێت، هەر بەسەرزارەکی باوەڕی نەهێنابێت.

٦- وەرگرتن: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)کەی قبوڵبێت، هەروەها هەموو ئەحکامەکانی و هیچی لێ ڕەفزنەکاتەوە.

٧- خۆشویستن: شایەتمان و ئەهلی شایەتمانی خۆشبوێت، ئەو کەسانەی خۆشنەوێت، کە کافرن و دوژمنایەتی تەوحید دەکەن.

پۆلێنی خەڵکی بە پێی باوەڕە:

باوەڕهێنان بە خوای گەورە، هەر وتەیەك نییە و خاوەنەکەی بیڵێت و وابزانێت بەسە!، نا، دەبێت لە (دڵ)ی چەسپابێت و بە (زمان) ئیقراری کردبێت و (بەکردەوە)ش سەلماندبێتی.

ئەم سـێیە (دڵ) و (زمان)و (کردەوە) پێکهاتەی بـاوەڕن، بـاوەڕ بە دوانیان دروستنابێت، هەر دەبێت هەرسێکیان پێکـەوەبن، وەکـو سـێ لای (سێگۆشە)ن، کە بەهەرسێکیان دروستیدەکەن.

زانایـانی ئیسـلام خـەڵکییان بـە پـێی ئـەم سـێ پێکهاتەیـە پۆلێنکردووە، کە ئەم کەسەی بە (دڵ) بـاوەڕی هەیـە و بـە (زمـان) شاهێدیداوە و بە (کردەوە)ش نیشانیدەدات، ئەوە موسوڵمانە.

ئەو کەسـەی بـە (زمـان) شـاهێدیداوە و بـە (کـردەوە)ش نیشـانیدەدات، بەڵام لە دڵـدا بـاوەڕی پێـی نیـیە، دووڕوو (مونافیق)ـە.

ئـەو کەسـەی بـە (زمـان) شـاهێدییەکە نـەدات بـە کـردەوەش ئیمانداریی نیشانبدات، یان نەیدات (کافر)ەو لـێی قبوڵناکرێت.

ئـەما ئـەو کەسـەی بـاوەڕ لـە (دڵ)یـدا هەیـە و بـە (زمـان) شاهیدیداوە، بەڵام (کردەوە)کانی نوقسانە، یان گوناحی کـوفرینی[1] نەکردووە فاسقە..

واتە: موسـوڵمانی مونحـەریف.. دەشـێت ئـەم پۆلێنکردنـە بـەم خشتەیە ڕوونتر بکەینەوە):

---

[1] گوناح دوو جۆرە: گوناحی کوفرین، کە بکەرەکەی لە دین و ئوممەت دەچێتە دەرەوە، وەکو ئەوەی سووکایەتی بەقورئان دەکات، گوناحی فسقین: کە بکەرەکەی لە دین و ئوممەت ناباتە دەرەوە وەکو: شەڕاب خواردنەوە مادام بە حەڵاڵی نەزانێت.

کەسەکە	ڕەفتاری دڵی	ڕەفتاری زمانی	ڕەفتاری جەستەی
موسوڵمان	باوەڕی هەیە	بڕیاریداوە	بە کردەوە سەلماندوێتی
دووڕوو (مونافیق)	باوەڕی نییە	بڕیاریداوە	بە کردەوە سەلماندوێتی
کافر	باوەڕی هەیە یان نا	بڕیاری نەداوە	ڕەفتاری ئیسلامییانەی هەبێت یان نا
فاسق (گوناحبار)	باوەڕی هەیە	بڕیاری داوە	ڕەفتاری غەیرەکوفرینی هەیە

* ئەو کەسەی بە قەدەر گەردیلەیەك باوەڕی لە دڵدابێت لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوە، بەڵکو ئەوەندەی تێدا دەمێنێتەوە بەقەدەر ڕادەو بڕی تاوان و گوناحەکانی و پاشان دەخرێتەبەهەشتەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)دفەرموێ: (يَخْرُجُ منَ النَّار مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَكَانَ في قَلْبه منَ الْخَيرْ مَا يَزنُ شَعيرَةً ثُمَّ يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَكَانَ فِي قَلْبِهِ مِنَ الْخَيرْ مَا يَزِنُ

بُرَّةً ثُمَّ يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَكَانَ فِي قَلْبِهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا يَزِنُ ذَرَّةً).[١]

واتە: هەر کەسێك وتبێتی(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) و بە قەدەر دەنکەجۆیەك باوەڕی لە دڵدا بووبێت، لە ئاگری دۆزەخدا نامێنێتەوەو دێتەدەرەوە (ودەچێتە بەهەشتەوە)، پاشان هەر کەسێك وتبێتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)و بەقەدەر دەنکە گەنمێك باوەڕی لە دڵدا بووبێت، لە ئاگری دۆزەخ دێتەدەرەوە، پاشان هەر کەسێك وتبێتی(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ) و بەقەدەر گەردیلەی تۆز باوەڕی لەدڵدا بووبێت لە ئاگری دۆزەخ دێتەدەرەوە..

کەوابوو: باوەڕ گوفتار و کردارە:

خەڵکانێکی نەزان، یان ساویلکە، یان دنیاخۆر، یان دووڕوو و دوژمن ـ بۆ شێواندنی پێناسەی باوەڕو پێوە پابەندنەبوون و نەهێشتنی کاریگەریەکەی ـ وایان لە خەڵکی عەوام گەیاندووە ،کە ئەگەر کەسێك باوەڕی بە(وجود)ی خوا هەبوو، ئیتر بەسە بۆ موسوڵمانێتی و کەس ناتوانێت و بۆی نییە بڵێت: کافرە!

چونکە بەلای ئەو نەزان و گێل و چەواشەکارانەوە. مولحید کافرە، چونکە باوەڕی بەبوونی خوا نییە..

---

[١] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. واتە بوخاریی و موسلیم بە هەمان لەفز گێراویانەتەوە. بوخاری (٧٤١٠)، موسلیم (١٩٣).

ئەمە بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەی قورئان و سوننەت و واقیعی بانگەوازی خوایە لە مەککە..

خۆ قورەیش و کافرەکانیتر باوەڕیان هەم بە (وجود)ی خوا هەبوو، هەم بە دەسەڵاتی و بە ڕۆزیدانیی و بەسوودگەیاندن بە عەبدو دوورخستنەوەی زیان لێیان، بەوەش،کە سەرکەوتن لەلایەن خوای گەورەوە دێت!

باوەڕیان بە مافی پەرستن و وەرگرتنی دینەکەی هەبوو، بەڵام ئەوەی خۆیانی لەسەر بوو ئەوە دینەکەی خوای گەورەیە، نەک ئەوەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)هێناویێتی..

باوەڕیان بە هەبوونی فریشتە هەبوو، بەڵام هەندێکیان وایان دەزانی،کە (فریشتە) کچی خوان، هەندێکیتر باوەڕیان وابوو: کە (جنۆکە) زیان دەگەێنن، بۆیە دەبێ ئەوانیش بە پەرستنیان رازیبکرێن.

هەندێکیتریان باوەڕیان وابوو: دەبێ بت بپەرستن، تا لەخوایان نزیکبکەنەوە، یان تکایان بۆ بکەن..

زۆرینەشیان باوەڕیان بە پێغەمبەرێتی سەیدنا ئیبراهیم (عَلَيهِ السَّلَام)هەبوو، هەروەها بەزیندووبوونەوەو لێپرسینەوە،چەندین لقە باوەڕیتریش، بەڵام خوای گەورە هەر بەکافری ناساندن و پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)ئەوەی بە موسوڵمانێتی بۆ حسابنەکردن، کە خوێنیانی پێ حەڕام ببێت.

خوای گـەورە دەفـەرموێ: (وَلَـئِنْ سَـأَلْتَهُمْ مَـنْ خَلَـقَ السَّـمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِـيمُ) الزخـرف/٩ . واتە: کـە لێیـان دەپرسیت: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە؟

دەڵێن: خوای دەسەڵاتداری زانا خەلقیکردوون.

دەیان ئایەتیتر لەم بارەوە هەیە.

کـەوابوو: ناشـێت وا بـزانین هـەر کەسـێك وتی: بـاوەڕم بـە (هەبوون)ی خوا هەیە کە کردگارە، بڵێین: موسوڵمانە.. چونکە وەکو پێشـەوایانی ئـەهلی سـوننەت وجەماعـەت فەرموویانـە: بـاوەڕ گوفتـارو کـردارە.. گوفتـاری دڵ و زمـان هـەروەها کـرداری دڵ و بەدەن:

- گوفتـــاری دڵ: باوەڕهێنانـــە، کـــە یەکـــەمین هـــەنگاوی بەراستزانینی پەیامەکەی خوایە.

- کرداری دڵ: خواویستی و راستگۆیی و ترس و خۆشەویسـتی و پشتپێبەستن و ئەوانەیە _کە خالیس و موخلیس_ دەبێ بۆ خوای گەورە ئەنجامبدرێن.

- گوفتاری زمان: شایەتمانەکەیە کە بڕیاردان و ئیعترافکـردن و راگەیاندنی قبوڵکردنی ئیسلامە.

- کرداری بەدەن: هەموو ئەحکامەکانی شەرعە، کەدەبێ موسوڵمان پێوەی پابەندبێت.[1]

ئیبنوبەتتە (ابن بطة) کە پێشەوایەکی گەورەی ئەهلی سوننەتە لە پێناسەی باوەڕدا -کورت و پوخت- دەفەرموێ: باوەڕ: بە ڕاستگۆ زانینە لە هەرچی کە فەرموویەتی، یان فەرمانی پێدراوە و فەرزی کردووە، یان بەرهەڵستی لێکردووە...

ئەمەش هەموو ئەوە دەگرێتەوە، کە بە نێرراوانی خۆیدا ناردوییێتی لە پەیام.. بەڕاستگۆ زانیینی ئەمانەش بە سێ شتە: وتنی بەزمان، بەڕاست زانینی دڵ، کارپێکردنی بە ئەندامانی جەستە.[2]

---

[1] ابن تيمية: مجموع الفتاوى (٢٨٧/٧)، ابن عبدالبر: التمهيد (٢٤٦/٩)، ابن حجر العسقلانى: الفتح (٤٧/١)، اللالكائى: شرح اصول اعتقاد واهل السنة (٨٣٢/٤)، البغوي (٣٨/١)، ابن القيم: كتاب الصلاة (ل٥٤)، ابن مندة: الايمان (٣٤١/٢).

[2] ابن بطة: الشرح والإبانة عن أصول السنة و الديانة (ل١٧٦)، هەروەها ئیمامی ئاجوری: الشريعة (ل١١٩)، تفسير ابن كثير(٣٩/١)، القاضي أبو يعلى: مسائل الايمان (ل١٥١)، اسماعيل الاصبهانى: بيان المحجة وشرح عقيدة اهل السنة (٤٠٣/١). الحافظ الحكمى: معارج القبول (١٨/٢).

بڕگەی دووەمی
شایەتمانەکە: (مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّـهِ):

ئەمـەش باوەڕهێنـان و بڕیـاردان و شـاهێدیدان و قبـوڵکردنی پێشـەوایەتی پێغەمبـەری خوایـە (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، بـەو سـیفەتەی، کـە نێـرراوی خـوای گەورەیـەو لـە ڕێـی وەحییـەوە پەیامەکەی خوای پـێگەیشتووەو جەنابیش- (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)بێکەم وزیاد گەیاندوییێتی...

موسوڵمان بەم بڕگەشایەتمانە رادەگەێنێت، کە محـمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)کۆتا پێغەمبەری خوایەو پەیامەکەی کامـڵ و تـەواوو گشتگیرە.

ئەمەی لە ناخـدا چەسـپیووەو بـە زمـانیش رایگەیانـدووەو بـە کردەوەش سەلماندوێتی، کە شوێنکەوتووی ئەم پێغەمبەرە بەڕێزەیـە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

هەموو ئەو فەرمانانەی جێبەجێـدەکات، کـە فەرمانیپێـداون و توخنی ئەوانەش ناکەوێت، کە بەرهەڵستی لێکردوون و لـە هـەوڵی بەردەوامیشدایە خۆی بە پـێی سیرە و سوننەتی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دابڕێژێت..

ئەم بڕگەیەی شایەتمانەکە شاهێدیدانیشە بەوەی، کـە محـمد

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)پەیامەکەی خوای گەورە بە تەواوی ڕۆشنیی و راشکاویی گەیاندووەو ئوممەتەکەی لەسەر ڕێبازی راست جێهێشتووە..

ئەم شاهێدیدانە داوا لە موسوڵمان دەکات ،کە پێغەمبەری خوای لە هەموو کەسێك زیاتر خۆشبوێت و گوێڕایەڵی تەواوی ببێت و ئیقتیدای پێ بکات و بانگەوازەکەی هەڵبگرێت و وەکو خۆی بە هەموو خەڵکی بگەیێنێت و، وا بەرگریی لەخۆی و پەیامەکەی بکات، کە خۆی لە پێناویدا بکاتە قوربانی..

لەسەر ئەم دیدو هەڵوێستەشی سووردەبێت، تا دەمرێت..

هەروەها ئەم بڕگە شایەتمانە لە موسوڵمان دەخوازێت، کە باوەڕی بە ڕاستگۆیی و موعجیزەکانی ئەم پێغەمبەرە پێشەوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)هەبێت، چ قورئان بێت چ موعجیزەکانیتر، کە لەسەردەستی پیرۆزیی ڕوویانداوەو بە سەنەدی راست و دروست گەیشتووە بە ئێمە..

هەروەها، کە ئەم پێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)شەش ئیمتیازی زیاتری لە پێغەمبەرانی پێش خۆی (سەلامی خوایان لێ بێت)، پێدراوە:

١- لە هەموویان ڕەوانبێژتر بووە، کە (جَوَامِعَ الْكَلِمِ)ی دراوەتێ.

٢- لە مەودای یەك مانگە ڕێوە دوژمنانی لێی ترساون (نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ).

٣- غەنیمەت (دەستکەوتی جەنگ)ی بۆ حەڵاڵبووە (وَأُحِلَّتْ لِيَ الْغَنَائِمُ).

٤- هەموو سەرزەوی پاك و شیاوە بۆ نوێژکردنی: (وَجُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا).

٥- بۆ هەموو مرۆڤ و جنۆکە نێرراوە (أُرْسِلْتُ إِلَى الْخَلْقِ كَافَّةً).

٦- کۆتایی پەیامەکانی خواو پێغەمبەرانی پێهێنراوە ..عَلَيهِ الصَّلاةُ وَ السَّلَام..

خۆشویستن و شوێنکەوتنی نیشانەی موسوڵمانێتیە:

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرموێ: (ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فيه وَجَدَ حَلاَوَةَ الإِيمَان أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْه ممَّا سوَاهُمَا، وَأَنْ يُحبَّ الْمَرْءَ لاَ يُحِبُّهُ إِلاَّ لِلَّه، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ كَمَا يَكْرُهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ).[١]

واتە: سێ ڕەفتار هەیە، لە هەر کەسێکدا هەبن شیرینی باوەڕیان پێدەچێژێت: خواو پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)لە هەموو کەسێك زیاتر خۆشبوێتز

هەر کەسێکی خۆشویست هەر لەبەرخاتری خوای گەورە

---

[١] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ. ئەمە لەفزی بوخاری (٦٩٤١)یە.

خۆشیبوێت، ئەوەندەش لەخەمی ئەوەدا بێت، کـە نەگەڕێتـەوە نـاو کوفرو پـێی ناخۆشـبێت، بەقـەدەر ئەوەنـدەی، کـە پێـی ناخۆشـە فڕێیدەنە ناو ئاگرەوە..

کەوابوو: مافی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و ئەرکە لەسەرمان،کە خۆشمانبوێت و بەرگریی لێبکەین و گوێڕایەڵێتی بکەین..

چونکە گوێڕایەڵی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ)گوێڕایەڵییـە لە خوای گەورە، ئەمەش مایەی خۆشویستنی خوای پـەروەردگارە : (قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِـرْ لَكُـمْ ذُنُـوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ) ال عمران/٣١ .

واتە: ئەگەر خواتـان خۆشـدەوێت و دەتانـەوێت خۆشـی بـوێن، وەرن شوێنی من بکەون، خوای گەورە هەم خۆشیدەوێن و، هەم لـە گوناحەکانیشتان دەبورێت.. خوای گەورە لێخۆشبوو بەبەزەییە..

- (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)وَسَأَلَهُ: مَتَـى السَّاعَةُ؟ فَقَالَ رَسُولَ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ: وَمَاذَا أَعْـدَدْتَ لَهَـا؟ فَقَالَ الرَّجُلُ: مَا أَعْدَدْتُ لَهَا منْ كَثير صَـلاَة وَلاَ صَـوْم وَلاَ صَـدَقَة، إِلَّا أَنِّي أُحبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ. فَقَالَ رَسُولَ اللَّه صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ).[١]

---

[١] بوخاری (٣٦٨٨)، موسلیم (٢٦٣٩).

واته: کابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)لـێی پرسی: کەی ڕۆژی قیامەتە؟

فەرمووی: چیت بۆ ئامادەکردووە؟

کابرا عەرزیکرد (پێی وت): نوێژو ڕۆژوو و خێرێکی زۆرم بـۆ ئامادەنەکردووە، بەڵام ئەوە هەیە، کە مـن خـواو پێغەمبـەری خـوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)خۆشدەوێت.

پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)پــێی فـەرموو: تـۆ لەگەڵ ئەو کەسە دەبیت، کە خۆشت ویستووە.

- خوای گەورە خۆشەویستی خۆی و پێغەمبەرەکەیمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)لەدڵدا بچەسپێنێت، ئامین.

- خواناسان فەرموویانە: (قَطْرةٌ مِن حُبِّكَ تَجْعَلُ الكافِرَ وَلِيَّاً).

واتە: خوایە، دڵۆپەیەك لە خۆشەویستی تۆ کافر دەکاتە وەلی (پیاو چاکی خواناس).

ڕوكنی دووەم : نوێژكردن.

- خوای گەورە لە نزیکەی (نەوەد)ئایەتدا باسی نوێژی کردووە، چ وەکو فەرمانپێکردن، چ وەکو هانـدانیکردنی، کە هەمووی پەیوەستکردووە بە کاتەوە، وەکو دەفەرموێ: (.. فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا) النساء/١٠٣ .

واتە: نوێژەکان بکەن، نوێژکردن لە کاتە دیاریکراوەکانی خۆیاندا لەسەر موسوڵمانان فەرزە..

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەرهەقی دەفەموێ: (أَفْضَلُ الأَعْمَالِ الصَّلاَةُ عَلَى وَقْتِهَا).[١]

واتە: باشترین کارو کردەوە نوێژکردنە لەکاتی خۆیدا.

- نوێژ ڕوکنی دووەمی ئیسلامە، کۆڵەکەی دینەکەیە، هەر کەسێك پایەداریی بکات، ئەوە دینەکەی ڕاگرتووە، هەر کەسێکیش وەل (تەرك)یبکات، ئەوە دینەکەی وەلکردووە. نوێژ میعراجی رۆحی موسوڵمانە، نوێکردنەوەی پەیمانی عەبدێتییەو شەحنکردنەوەی دینداریێتییە، تا سوتەمەنی ڕەنجی قۆناغی داهاتووی لێوە مسۆگەربکات.

نوێژ هێمنیی و ئاسایشی دەروونە، نووری ڕێیە، هۆکاری

---

[١] موسلیم (١٤٠).

پارسەنگیی کەسایەتی موسوڵمان و هۆی حەوانەوەیەتی، لە تـین و فشاری جاهیلییەت و قورسایی کۆڵی بانگەوازو رەنجی کەسابەت و قەرەباڵغی شەڕەپاڵی دنیایی..

بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)بە بیلالی حەبەشی (بانگدەر)ی دەفەرموو: (أَرِحْنَا بِهَا).[1] بمانحەوێنەوە پـێی..

- هەندێك لە شەرعناسانی مەزهەبی حەنبەلی نوێژنەکەریان بەکافر داناوە، بەڵام زانایتری مەزهەبەکەو شەرعناسانی سێ مەزهەبەکەی تر (حەنەفی و مالیکی و شافیعی) بە فاسقیان داناوەو فەرموویانە: کافر نییە، بەڵام گوناحی نەکردنەکەی لە قەتڵ و زینا و شەڕابخۆریی سووخواردن و... گەورەترە!

- نوێژ گەورەترین و گرنگترین کـردەوەی موسـوڵمانە، یەکـەمین رەفتارێکێتی، کە پرسیاری دەربـارە لێـدەکرێت، لـە ڕۆژی دواییـدا تەماشای نوێژەکانی دەکرێت، ئەگەر تەواوو بەتەواویی کردبوونی، ئەوە سەرفرازو ڕووسووری قیامەتە.

ئەگەر کەمی کردبوو، یان هـەر بـە نوقسـانیی و ناکـاملّیی بـە

---

[1] ئەبوداوود (٤٩٨٥)، ئەحمەد (٣٦٤/٥). شێخی ئەلبانی لە سەحیحی (صحيح المشكاة/ ١٢٥٣)دا بە سەحیحی ناساندووە. ئەمەش دەقەکەیەتی: (عَنْ عَمْرِو بْنِ مُرَّةَ، عَنْ سَالِمِ بْنِ أَبِي الْجَعْدِ، قَالَ قَالَ رَجُلٌ - قَالَ مِسْعَرٌ أُرَاهُ مِنْ خُزَاعَةَ - لَيْتَنِي صَلَّيْتُ فَاسْتَرَحْتُ فَكَأَنَّهُمْ عَابُوا عَلَيْهِ ذَلِكَ فَقَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ " يَا بِلاَلُ أَقِمِ الصَّلاَةَ أَرِحْنَا بِهَا "). بە ژمارەی (٤٩٨٥).

ڕێیکردبوو، بەتەئکید زەرەرمەندی گەورەیە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرموێ: (إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ فَإِنْ صَلُحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ).[١]

واتە: یەکەمین شتێك کەعەبدی لەسەر موحاسەبە دەکرێت لە کارو کردەوەکانییدا نوێژەکەیەتی، ئەگەر راست و رێك و تەواوبوو، ئەوە سەرفراز و سەرکەوتووە، ئەگەر خراپ و چەوت و نوقسان کردبوونی، ئەوە داماو و زەرەرمەندە..

- نوێژ دەبێ لەهەموو حاڵەتەکانی جێگیریی و سەفەر، لەش ساغی و نەخۆشی، ئەمان و ترس، ئاشتی و جەنگدا هەردەبێت بکرێت...

ئەوی نەتوانێت بە پێوە بیکات دەبێ بە دانیشتنانەوە بیکات، ئەوی واش نەیتوانی بەڕاکشانەوە.

ئەوی نەیتوانی بە بزاوت و وتن بیکات، دەبێ بە ئاماژەی دەست و سەر بیکات.. ئەوەی واش نەیتوانی دەبێت بە پێڵوی چاو بیکات.. ئەگەر بە هیچ شێوەیەك بە بزاوتی جەستە نەیتوانی، بەرپرسە لە دڵی خۆیدا هەربیکات.. کە هۆشی نەما لەسەری نامێنێت!

---

[١] ئەبوداوود (٨٦٤)، ترمذي (٣٣٧/٢)، نەسائی (٤٦٥). شێخی ئەلبانی (صحیح الجامع الصغیر/٢٠٢٠)دا بە سەحیحی ناساندووە.

بڕوانە ئەم ڕووداوە:

(جَاءَ رَجُلٌ أَعْمَى إِلَى رَسُولِ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)فَقَالَ: إِنِّي رَجُلٌ ضَرِيرُ الْبَصَرِ شَاسِعُ الدَّارِ وَلِي قَائِدٌ لاَ يُلاَئِمُنِي فَهَلْ لِي رُخْصَةٌ أَنْ أُصَلِّيَ فِي بَيْتِي قَالَ " هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ " . قَالَ نَعَمْ . قَالَ " لاَ أَجِدُ لَكَ رُخْصَةً).[1]

واتە: پیاوێکی نابینا (کوێر) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و عەرزی کرد: من کابرایەکی نابینام و ماڵم لە مزگەوتەوە دوورە، چاوساغم هەیە،بەڵام هەموو جارێك لەگەڵمدا نابێت.

ئایا مۆڵەتی ئەوەم هەیە نوێژەکان لەماڵەوە بکەم؟

فەرمووی: گوێت لە بانگ دەبێت؟

عەرزی کرد: بەڵێ،

فەرمووی: دەی سا وانازانم عوزرت هەبێت.. دەبێ بێیت..

کەوابوو: نوێژەکە لەسەر موسوڵمان فەرزە، لەسەریشیەتو مادام عوزری نەبێت، بچێتە مزگەوت و بە جەماعەت بیکات.

---

[1] ئەبوداوود (٥٥٢)، نەسائی (٨٥١)، ئیبنوماجە (٧٩٢). شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن إبي داود١١٠/١)دا بە (حەسەن)ی داناوە. موسلیمیش (٦٥٣) لە ئەبوهورەیرەوە گێڕاوێتییەوە.

بانگ و قامەت:

بانـگ -کـە بۆتـە زاراوەی بانگهێشـتکردنی موسـوڵمانان بـۆ نـوێژی کۆمـەڵ لـە مزگـەوت و ئاگادارکردنـەوەی هـەموان لـە داخڵبوونی کاتەکە- فەرزی کیفایەیە.

واتە: ئەگەر کەسێك لە شوێنێك بانگـبدا، فەرزێتـی بانگـدان لەسەر ئەوانیتر لادەچێت ، وشەکانی ئەمانەن:

اللَّهُ أَكْبَرُ   اللَّهُ أَكْبَرُ   اللَّهُ أَكْبَرُ   اللَّهُ أَكْبَرُ

أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ   أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ

أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ   أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ

حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ   حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ

حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ   حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ

اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ

لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ...(١)

لـە بـانگی نـوێژی بەیانیشـدا دوای (حَـيَّ عَـلَى الْفَلاَحِ)ـەکان دووجار دەوترێت:

(١) موسلیم (٣٧٩).

الصَّلاَةُ خَيرٌ مِنَ النَّوْمِ الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ

وشـــەکانی قامـــەتیش، کـــە بـــانگێکی بچکۆلەیـــەو بـــۆ ئاگادارکردنەوەیە، کە نوێژ دادەبەسترێت.

واتە: وا دەستپێکرد ئەمانەیە:

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ

أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ

حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ

قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ ، قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ

اللهُ أكبرُ اللهُ أكبرُ

لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ...[١]

وەڵامی بانگ و قامەت:

ئەو کەسەی، کە گوێی لە بانـگ، یـان قامەتەکەیـە، وشـەکانی لەبەرخۆیەوە لە دوای بانگدەرەکەوە دەڵێتەوە، لـە (حەیعەلـە: حَـيَّ عَلَى الصَّلاَةِ ، حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ)ـەکاندا دەڵـێ: (لاَ حَـوْلَ وَلاَ قُـوَّة الاّ باللهِ)..

(١) موسلیم (٣٧٨).

که بانگ تەواوبوو، سوننەتە ئەم دوعایە بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)بکەین، چونکە جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)فەرموویەتی: (إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا ثُمَّ سَلُوا لِيَ الْوَسِيلَةَ فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ لاَ تَنْبَغِي إِلاَّ لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ وَمَنْ سَأَلَ لِيَ الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ عَلَيْهِ الشَّفَاعَةُ).[1]

واتە: ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو، وەکو بانگدەرەکە بڵێنەوە، پاشان صەڵەوات[2] لەسەر من بدەن، هەرکەسێك جارێك صەڵەوات بدات، بە دە جار بۆی دەنووسرێت.

پاشان دوعام بۆ بکەن خوای گەورە (وەسیلە)م بەنسیب بکات، کە پلە و مەنزیلەیەکە لەبەهەشتداو، تەنها بۆ یەك کەس دەبێت، بەڵکو خوا بکات بۆ من بێت، هەر کەسێك داوای ئەو پلەی (وەسیلە)یەی بۆ کردم، تکاکردنم بۆی دەکەوێتە سەرم.

(١) موسلیم (٣٨٤).
(٢) (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ).

مەرجەکانی نوێژ:

١- موسوڵمانبوون .

٢- ژیرێتی.

٣- باڵغ بوون.

٤- هەبوونی دەستنوێژ.

٥- داپۆشینی عەورەت.

٦- داخڵبوونی کاتەکەی.

٧- نییەتی نوێژکردن.

٨- نەبوونی پیسایی بەلەش و پۆشاك و جێ نوێژەکەوە.

ڕوکنەکانی نوێژ:

١- ڕاوەستان بۆ بە توانا.

٢- تەکبیرە (وتنی: اللَّهُ أَكْبَرَ)ی دەستپێك.

٣- قورئانخوێندن (فاتیحە).

٤- چەمانەوە (رکوع) و سرەوتن.

٥- هەستانەوە لە رکوع و ڕێکبوونەوە.

٦- سوجدە بردن.

٧- دانیشتنی نێوان دووسوجدەکە.

٨- سوجدەی دووەم.

٩- دانیشتن و خوێندنی تەحیاتی ئەخیر.

١٠- سەڵەواتدان.

١١-.سەلامدانەوە.

ئەوانەی نوێژ بەتاڵ دەکەنەوە:

١- شکانی دەستنوێژ.

٢- ئەنجامنەدانی ڕوکنێك.

٣- دەرخستنی عەورەت بە ئەنقەست.

٤- پشتکردنە قیبلە.

٥- جوڵە و بزاوتی زۆر (ئاسایی نەمێنێت).

٦- پاڵدانەوە، یان، شان نان بە شتێکەوە بێئەوەی زەروورییی بێت.

٧- زیادکردنی ڕوکنێك (لە بزاوتەکان).

٨- پاش و پێش خستنی ڕوکنەکان.

٩- سەلامدانەوەی ئەنقەست پێش تەواوکردنی نوێژ.

١٠- پێکەنین بە قاقا.

١١- وتنی لە فزێك، کە هی نوێژ نەبێت.

١٢- خواردن، یان خواردنەوە.

ئەوە کەی نوێژە؟! برۆ بیکەرەوە:

هەندێك کەس خێرا نوێژەکەی دەکات و لەفزەکانی بە لرفەلرف دەخوێنێت، وادەزانێ بەو راکەڕاکەیە نوێژێك تۆماردەکات و، فەرزێك لەسەرخۆی لادەدات، چاوەڕوانی پاداشتیشە!

بەڵام داماوە نازانێت، کە خوای گەورە لێی وەرنەگرتووە! چونکە لە ڕوکنەکاندا سرەوتی نەگرتووەو زۆری پەلە تێدا کردووە.. وردو ژیرانە سەرنجدەرە ئەم ڕووداوە:

(أَنَّ رَجُلاً دَخَلَ الْمَسْجِدَ يُصَلِّي، وَرَسُولُ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)في نَاحيَة الْمَسْجد، فَجَاءَ فَسَلَّمَ عَلَيه، فَقَالَ لَهُ: وَعَلَيْكَ السَّلامُ،ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ،فَرَجَعَ فَصَلَّى، ثُمَّ سَلَّمَ، فَقَالَ: وَعَلَيْكَ السَّلامُ،ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ فَقَالَ في الثَالثَة: فَعَلِّمْني، قَالَ: إذَا قُمْتَ الىَ الصَّلاة فَأَسْبِغْ الوُضُوءَ، ثُمَّ اسْتَقْبلْ الْقبْلَةَ، فَكَبِّرْ واقْرَأْ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ منْ القُرْآن، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئنَّ رَاكعَاً ثُمَّ ارْفَعْ رَأْسَكَ حَتَّى تَعْتَدلَ قَائمَاً، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئنَّ سَاجدَاً، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَسْتَويَ وَتَطْمَئِنَّ جَالِسَاً، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدَاً ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى

تَسْتَوِيَ قَائِمَاً ثُمَّ افْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلاتِكَ كُلِّهَا).[1]

واته: کابرایەك هاتە مزگەوتەوەو نـوێژی دابەسـت، پێغەمبـەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)لە کەناری مزگەوتەکەدا بـوو، دوای تەواوبوونی نوێژەکەی هاتە خزمەت پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و سەلامی لێکرد، پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)فـەرمووی: وعليـك السـلام، بگـەڕێرەوە نوێژەکـەت بکـە، چونکە تۆ نوێژت نەکرد..

ئەویش گەڕایەوەو نوێژەکەی کـردەوە، پاشـان هاتـەوە خزمـەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و سەلامی لێکردەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ)فەرموويـەوە: وعليـك السلام، بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە، چونکە تۆ نوێژتنەکرد ..

لـە سـێیەمین جـاردا کـابرا فـەرمووی: دەی سـا فێـرم بکـە، پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)فەرمووی: کە هەسـتایت بـۆ نـوێژ، دەسـتنوێژت بـە چـاکی بگـرە، پاشـان ڕووبکـەرە قیبلـەو تەکبیرەی ئیحرام بکەو نوێژ دابەستە، پاشان لەو قورئانەی لەبەرتـە چەندت بۆ ئاسان بوو بیخوێنە، پاشان بچۆرە رکوع و بمێنەرەوە، تـا جەستەت دەسرەوێـت و ئـۆقرە دەگریـت، پاشـان هەسـتەرەوە سـەر پێیـان و رێکوڕاسـت ڕاوەسـتە، تـا جەسـتەت دەسرەوێـت و ئـۆقرە

[1] بوخاری (٤٦٧)، موسلیم (٣٩٧).

دەگریت، پاشان بچۆرە سوجدەو بمێنەرەوە ،تا جەستەت دەسرەوێت و ئـۆقرە دەگریـت، ئینجـا سـەرت بەرزکـەرەوەو دابنیشـە، ئـاواش بمێنەرەوە تا جەستەت دەسرەوێت و ئۆقرە دەگریت، پاشان بچـۆرەوە بۆ سوجدەو بمێنەرەوە، تا جەسـتەت دەسرەوێـت و ئـۆقرە دەگریـت، پاشان هەستەرەوە سەر پێ و ڕاوەستەوە، لە هەموو نوێژەکانتدا ئاوا بکە..

دەبینیت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)نەفي کردنیی نوێژەکەی کرد، لە کاتێکدا کـە هـەموو دەیـانبینی، کـە نـوێژەکەی دەکــات.. روکــن و واجبــەکانی دەکــات.. لــە دەســپێکەوە تــا سەلامدانەوە، کەچی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)پێـی دەفەرموێ: (فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ)!

چونکــە لــە دوای بــزاوت (حەرەکات)ــەکانی نــە دەسرەوت، کەمێك هێدیانەی نەیدەکرد.

کەوابوو: (هێمن بوون و سرەوتن) روکنە و ئەنجامدانی فـەرزە، نەسرەوتن نوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە..

داخـۆ چەنـد نـوێژی وامـان کـردووە و لـە قیامەتـدا پـێمان دەوترێتەوە: (فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ) هـاوار بـەماڵم.. بـۆ زیانێـك کـەوامان زانیووە قازانجە.

ڕوکنی سێیەم: زەکاتدان.

- خوای گەورە لە زیاتر لە (٣٠سی) جێگەی قورئاندا ناوی (زکاة) دەهێنێت و،زیاتر لە (١٠دە) جاری تریش بە ناوی (صَدَقَةٌ)ـەوە باسی فەرمووە.

زۆرینەی جارەکان لە گەڵ نوێژدا پێکەوە هێناونی وەکو: (يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ) المائدة/٥٥ ،ئەمە جگە لە دەیان ئایەتی تر، کە لەگەڵ بەخشین و باسیکردوون: (وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ) البقرة/٣ .

واتە: لەوەی پێمان بەخشیون دەبەخشن.

- خوای گەورە بەشێوەی فەرمان بە پێغەمبە ری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرموێ: زەکاتیان لێ وەربگرە، چونکە زەکاتدان مایەی پاکبوونەوەی سامانە لە چڵك و چەپەڵی حەرام...

دەفەرمووێ: (خُذْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ صَدَقَةً تُطَهِّرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا وَصَلِّ عَلَيْهِمْ إِنَّ صَلاَتَكَ سَكَنٌ لَهُمْ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) التوبه/١٠٣ .

واتە: پشکە زەکاتێك لە سامانەکانیان وەربگرە، تا پێی پاك بنەوەو زیاتر بۆ خوا ساغ ببنەوە پێی... دوعایان بۆ بکە، نوێژ لەسەر جەنازەیان بکە، دوعا و نوێژەکانی تۆ مایەی هێمنیانە.. خوای گەورەش بیسەر و زانایە..

- (جەریری کوڕی عبدالله ی بەجەلی) (خوای لـێی رازی بێت) دەفەرموێ: (بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)عَلَى إِقَامِ الصَّلاَةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ).[١]

واتە: بەیعەت (پەیمانی قورس)م بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دا لەسەر: نوێژکردن و زەکاتدان و ئامۆژگارییکردنی هەموو موسوڵمانێك.

- سییرە و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و رەفتاری یاوەرانی بەڕێزی فەرزێتی و گرنگێتی زەکات دەسەلمێنێت.

تەنانەت سەیدنا (ئەبوبەکری صددیق) (خـوا لــێی ڕازی بێـت) جەنگی لەهەموو لایەکەوە ڕاگەیاند بەرامبەر ئەو کەسانەی وتیان: زەکات نادەین... هەمووشیان کافرنەبووبوونەوە.

هەنـدێکیان دەیـانوت: زەکاتەکـەمان داوەتـە پێغەمبـەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)،چونکە خوای گـەورە فـەرمووی: (تُطَهِّـرُهُمْ وَتُزَكِّيهِمْ بِهَا...) بۆیە نایدەینە ئەبوبەکر.

هەندێکیتریان وتیان: نوێژی خۆمان دەکەین و زەکـات نـادەین.. هــەروەها بەهانــەیــتر، بەڵام یــاوەران بــە پێشــەوایەتی ســەیدنا

---

[١] بوخاری (٥٧). موسلیم (٥٦). نەسائی (٤١٥٧). ئەحمەد (٣٥٧/٤). سونەنی دارمي (٢٥٤٠).

ئەبوبەکری خەلیفە هەموویانیان لە ڕیزی مورتەددەکاندا حسێبکرد و، کوشتاری هەموویانی وەکو یەك کرد..

- زەکات ڕوکنی سێیەمی ئیسلامە، خوای گەورە، کە کردوێتی بە یەکێك لە پێنج پایەکانی ئیسلام، هەم دینەکەی پێ پاراستووە، هەم هەستی کۆمەڵکاریی و گیانی بەزەیی و بەرپرسێتی هاوکاریی لەناخی تاك و کۆی موسوڵماناندا پاراستووە.

چونکە موسوڵمانان لەناو خۆیاندا وەکو یەکجەستەو یەك دیوارو دانیشتوانی یەك کەشتین.

مەرجە هەموویان بەخەمی یەکترییەوە بێن و دەستدەنە باڵی یەکتریی.. ئەمە جگە لەوەی زەکاتدان و خێرکردن و بەخشین نەفسی موسوڵمان لە ڕژدیی و پیسکەیی و ڕەزیلیی و چاوچنۆکیی پاکدەکاتەوە.

بڕوانە کۆمەڵگەی موسوڵمان و کۆمەڵگەی غەیرە موسوڵمان.. کۆمەڵگەی موسوڵمان لەژێر دەسەڵاتی کوفری مەغۆل و خاچپەرستان و کۆمۆنیزمیشدا ،هەر بە زەکاتەکە یارمەتییان لە یەکتریی نەبڕیووە.

زەکاتدان هەموو کەسێك وا لێدەکات خێری زیاتریش بکات.. ئەمەش دەبێتە مایەی زێدە سۆزو بەزەیی خۆی و ڕێزداریی لای خەڵکی و گەورەیی و باوکایەتیی لای هەژار و دەستکورتەکان، کە زەکات و خێرەکەی داونەتێ..

هەموو ئەمانەش ڕیشەی برایەتیی و متمانە و خۆشەویستیی زیاتر دادەکوتن.. و الحمدلله.

- زەکات لە مانگی شەووالی ساڵی دووەمی کۆچییدا لەسەر موسوڵمانان فەرزکرا.

مەرجەکانی زەکات:

أ- مەرجەکانی زەکاتدەر:

١- موسوڵمانێتی.

٢- باڵغ و ژیرێتی.

٣- سەربەستی (کۆیلە نەبێت).

٤- نییەتی زەکاتدان بێت.

ب- مەرجەکانی سامانی زەکات:

١- موڵکی تەواوی خاوەنەکەی بێت.

٢- لەو جۆرە سامانانە بێت ،کە گەشە و نەشونما دەکات.

٣- گەیشتبێتە بڕی (نِصاب) واتە: ئەو زۆرییەی،کە زەکاتی لێدەردەچێت.

٤- ساڵێکی کۆچی بەسەردا تێپەڕ بووبێت.

٥- لە پێداویستی خاوەنەکەی زیاد بێت.

ئەو سامانانەی زەکاتیان لێدەدرێت:

١- پارە بە هەموو جۆرێکی کانزا و کاغەزییەوە: دینار، لیرە، تومەن، ریال، یۆرۆ..

٢- زێڕ (ئاڵتون).

٣- زیو.

٤- ماڵات: مەڕو بزن، گاو گامێش، حوشتر..

٥- بەروبووم و دانەوێڵە.

٦- کەلوپەلی بازرگانی.

٧- کرێ (خانوو، کۆمپانیا، سەیارە)..

٨ - زەوی دانراو.

هەر یەکێك لەمانە نیصابی خۆی هەیە، کە دیاریکراوەو پشکی زەکاتەکەش لە نیصابەکەی دیاریکراوە.. هەموو سامانێکتریان پێ بەراوورد (قیاس) دەکرێت، وەك داهاتی کۆمپانیای تەلەفۆن و خەتی ئینتەرنێت و ریکلامکردن و بەرهەمی هونەریی و..هتد.

ئەو کەسانەی زەکاتیان پێدەدرێت:

١- هەژاران (الفقراء).

٢- دەستکورتەکان (المساکین: کەهەیانە و بەشیان ناکات).

٣- کارمەندی زەکاتکۆکردنەوە و بەشکردنەوەی.

٤- نەوموسوڵمان و بۆ کەسبکردن و لاشەڕکردنی زۆرداران.

٥- سەربەستکردنی کۆیلە (بەکڕینەوە، یان ئازادکردنیان).

٦- قەرزار، کە بێ ئومێدە لە دانەوەی.

٧- موجاهیدان و پێداویستی جیهاد و بانگەواز.

٨- ئەو گەشتیار (موسافیر)ەی پارەی لێبڕاوە.

ئەمانەش خوای گەورە لە سورەتی (التوبە/٦٠)دا دیاریکردوون و نابێت بدرێت بە کەسیتر..

کەسانیتر مافیان لە بەیتولمالدایەو لەوێوە پێداویستییان مسۆگەردەکرێت.

ئەو ڕیزبەندییەی سەرەوە لە ئایەتەکەوە وەرگیراوە، کە دەفەرموێ: (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ) التوبە/٦٠ .

واتە: زەکات دەدرێتە هەژاران و دەستکورتان و ئەوانەی فەرمانبەرێتی زەکاتە کە دەکەن (کاربەدەست و کارمەند) و

نەوموسوڵمانان، هەروەها بۆ ئـازادکردنی کۆیلـەو دانـەوەی قـەرزی قـەرزاران و لـە پێنـاوی خـوادا، هـەروەها بـۆ ڕێبـواران.. ئەمـە فەرزێکیە خوای گەورە دیاریکردووە خواش زاناو دانایە.

دژواریی زەکات نەدان و سزاکەی:

زۆرجـار خۆشەویسـتی سـامان وا لەخاوەنەکـەی دەکـات زەکاتەکە نەدات، ئەوە گێلێتی و دین لاوازیی لەخوانەترسانە.

گوێنەدانە بەو هەڕەشـە سـەختانەی خـوای گـەورە لـەو جـۆرە کەسانەی کـردووە، بۆیـە دەسـەڵاتداری ئیسـلامی دەبێـت بـە زۆر زەکاتەکـەیان لـێ بسـتێنێت، چونکـە مـافی هـەژارو دامـاوانی موحتاجە..

ئەگەر نەیانداو دەسەڵاتدار هێزی هـەبوو، دەبێـت جـەنگیان دژ بـەرپاکات و لـە هەمووڵایەکـەوە تینیـان بـۆ بهێنێـت، تـا ناچـاری زەکاتدانەکە دەبن.

هەندێك لە زانایان دەفەرموون: ئـەوی بـەزۆری زەکـاتی لـێ سەندرابێت (غەرامە) بکرێـت و بەقـەدەر زەکـاتێکی تریشی ـ لـێ بسەندرێت..

خوای گـەورە لـە هەڕەشـەیدا لـە زەکـات نـەدەر و پیسـکە و ڕەزیلەکاندا دەفەرموێ:

- (يَا أَيُّهَا الَّـذِينَ آمَنُـوا إِنَّ كَثِـيرًا مِّـنَ الْأَحْبَـارِ وَالرُّهْبَـانِ لَيَـأْكُلُونَ

أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ * يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ)التوبه/٣٤-٣٥ .

واتە: ئەو کەسانەی زێڕ و زیوو گەنجینەدەکەن و لە پێناوی خوادا (زەکات)ی لێنادەن و نابەخشن مژدەی سزا و ئازارێکی بەژانیان پێبدە.

ڕۆژێك دێت سامانەکانیان لە ئاگری دۆزەخدا بۆ سوورەکرێتەوەو ناوچەوان و لاتەنیشت و پشتیانی پێ داخدەکرێت و پێیاندەوترێت: ئەمە ئەو سامانەتانە، کە لەدنیادا کۆتاندەکردەوەو، هەربۆ خۆتان سەرفدەکردەوە (بێئەوەی ئاوڕێك لە داماوانی موحتاج بدەنەوە).. دەبچێژن دەی..

- (وَلَا يَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ هُوَ خَيْرًا لَّهُم بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) آل عمران/١٨٠ .

واتە: ئەو کەسانەی سەروەت و سامانیان هەیە و پیسکەیی و ڕەزیلیی و چروکیی تێدا دەکەن (ولێی نابەخشن)، کە دەشزانن خوای گەورە لە لوتفی خۆیەوە پێی بەخشیوون، با وا نەزانن رەفتارێکی چاك دەکەن (گوایە: پارەی خۆیانەو بۆ خۆیانی

سەرفدەکەن) ،ئەوە خراپەکارییە دەیکەن... لە ڕۆژی قیامەتدا ماڵ و سامانەکانیان وەکو بازنەی ئاگر دەوریاندەدات و ئەو بڕە سامانەی دەبوو بیانبەخشیایە و نەیاندا، لێیان دەبێتە کۆتی ئاگرین و دەچێتە گەردنیان.. خوا لاماندا..

هەموو موسوڵمانێك خێری پێدەکرێت:

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)،کە داوای بەخشینی لە یاوەرانی دەکرد، دەیفەرموو: ببەخشن ئەوانیش بە گوێرەی توانا دەیانبەخشی..

سەیدنا عوسمان (خوا لێی رازی بێت)لە غەزای (تەبوك)دا (٣٠٠ سێسەد) حوشتری بە بارو و تفاقی جیهادەوە بەخشی- و، یاوەرێکیش چنگێك خورما..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەیفەرموو: (اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ).[١]

واتە: خۆ لە ئاگری دۆزەخ لادەن، ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت!

ئەوی هیچی نەبوایە بیبەخشێت، هانیدەدا قسەی جوان بکات و دیفەرموو: (الْكَلِمَةُ الطَّيِّبَةُ صَدَقَةٌ).[٢]

---

[١] بوخاری (١٣٥٨). موسلیم (١٧٦١).
[٢] بوخاری (٢٥٨٧). موسلیم (١٧٥١).

واته: قسەی جوان خێره.

بۆ گشتگیریی خێرو خێرات پێـی دەفەموون: (عَلَى كُلِّ مُسْلِم صَدَقَةٌ ". فَقَالُوا : يَا نَبِيَّ اللَّه فَمَنْ لَمْ يَجِدْ قَالَ : يَعْمَلُ بِيَده فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ ". قَالُوا فَإِنْ لَمْ يَجِدْ قَالَ : يُعِينُ ذَا الْحَاجَة الْمَلْهُوفَ ". قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ. قَالَ: " فَلْيَعْمَلْ بِالْمَعْرُوفِ، وَلْيُمْسِكْ عَنِ الشَّرِّ فَإِنَّهَا لَهُ صَدَقَةٌ).[1]

واته: هەموو موسوڵمانێك خێری لەسەره.

عەرزیانکرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەدی ئەگەر نەیبوو؟

فەرمووی: کاسبی بکـات و پەیـدایبکات، هـەم سـوود بـەخۆی دەگەیەنێت و هەم خێرەکەی لـێدەکات.

عەرزیانکرد: ئەدی ئەگەر نەیبوو؟

فەرمووی: یارمەتی کەسێکی داماو موحتاج بدات.

عەرزیانکرد: ئەدی ئەگەر نەیبوو؟

فەرمـووی: بـا کـاری چاکـە بکـات و خـۆ لەخراپـە بگرێتـەوه.. ئەمەش خێره..

کەوابوو: (ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە) لەمەوه هـاتووه. دەبـا وابین.

---

[1] بوخاری (١٤٤٥).

نموونەیەکی دەگمەن لە بەخشین:

(كَانَ أَبُو طَلْحَةَ أَكْثَرَ أَنْصَارِيٍّ بِالْمَدِينَةِ مَالاً مِنْ نَخْلٍ وَكَانَ أَحَبُّ أَمْوَالِهِ إِلَيْهِ بَيْرُحَاءَ وَكَانَتْ مُسْتَقْبِلَةَ الْمَسْجِدِ وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)يَدْخُلُهَا وَيَشْرَبُ مِنْ مَاءٍ فِيهَا طَيِّبٍ قَالَ أَنَسٌ فَلَمَّا أُنْزِلَتْ هَذِهِ الآيَةُ (لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ) قَامَ أَبُو طَلْحَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَقُولُ: (لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ) وَإِنَّ أَحَبَّ أَمْوَالِي إِلَيَّ بَيْرُحَاءَ وَإِنَّهَا صَدَقَةٌ لِلَّهِ أَرْجُو بِرَّهَا وَذُخْرَهَا عِنْدَ اللَّهِ فَضَعْهَا يَا رَسُولَ اللَّهِ حَيْثُ شِئْتَ قَالَ: فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) " بَخْ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ وَقَدْ سَمِعْتُ مَا قُلْتَ فِيهِ وَإِنِّي أَرَى أَنْ تَجْعَلَهَا فِي الأَقْرَبِينَ " . فَقَالَ أَبُو طَلْحَةَ :أَفْعَلُ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَقَسَمَهَا أَبُو طَلْحَةَ فِي أَقَارِبِهِ وَبَنِي عَمِّهِ).[١]

واتە: ئەبوتەڵحە (خوا لـێی رازی بێـت) یـاوەرێکی عـەزیزی پێغەمبـەری خـوا بـوو (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، لـە ڕیـزی دەوڵەمەندەکانی مەدینە بوو، باخ و باخاتێکی گـەورەو بـەرفراوانی هەبوو.

بەرامبەر مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا بوو(صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)، زۆر جار پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)دەچـووە

---

[١] بوخاری (٢٧٦٩).

ئـەو بـاخ و باخاتـە، کـە نـاوی (بـەیروحاء) بـوو لـە ژێـر سـایەی ساباتەکەیدا دادەنیشت و ئاوی لە کانیاوەکەی نۆش دەکرد..

کاتێك ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە ،کـە دەفـەرموێ: (لَـنْ تَنَـالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ)ال عمران/٩٢ .

واتە: چاکـەتان بـۆ نانوسرێـت تـا لـەوە نەبەخشـن، کـە خۆتـان حەزتان لێیەتی و پێتان پەسەندە..

(ئەبو تەڵحە) هاتە خزمەت پێغەمبـەری خـوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـه وَسَلَّمَ)و عەرزیکرد: خوای گـەورە فەرموویـەتی: (لَـنْ تَنَـالُوا الْـبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ) منـیش(بـەیروحاء)لـە هـەموو سـەروەت و سامانەکەم لام عەزیزترو پەسەندترە، وا لەبەرخاتری خوا بەخشیم!

دەمـــەوێ خێـــرو پاداشـــتەکەی لای خـــوای گـــەورە گـــەنج (خەزن)بکەم.. سا ئەی پێغەمبەری خوا! وا لەبەر دەستی جەنابتـدا، چۆنی رەفتار پێوە دەکەیت بیکە..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ)فەرمـووی: بەهــ بەهــ، ئەمە سەروەت و سامانێکی پڕ قازانجە.. ئەمە سامانێکی بەسوودە!

گـوێم لێبـوو، کـە چیـت دەربـارەی وت، مـن وادەبیـنم بەسـەر کەسوکارەکەی خۆتیدا دابەش بکەیت..

(ئەبوتەڵحە) فەرمووی: بەڵێ، باشە وا دەکەم.. ئیتر لە ئـامۆزا و خزمەکانی خۆی بەشکرد.

روكنی چوارەم : حەج كردن.

- خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلِلَّـهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا...) ال عمران/٩٢ .

واتە: حەجی ماڵی خوا لەسەر هەموو كەسێك فەرزە ،كە توانای چوون و ئەدای هەبێت.

- لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)پرسیاركرا: (أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ فَقَالَ :إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِه. قِيلَ: ثُمَّ مَاذَا قَالَ :الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ. قِيلَ: ثُمَّ مَاذَا قَالَ: حَجٌّ مَبْرُورٌ).[١]

واتە: چ كردەوەیەك لە هەموو شتێك چاكترە؟

فەرمووی: باوەڕهێنان بە خواو پێغەمبەرەكەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)(شایەتمان).

عەرزیانكرد: پاشان چی؟

فەرمووی: جیهاد لە پێناوی خوادا.

عەرزیانكرد: پاشان چی؟

فەرمووی: حەجێكی پاك و سەرڕاستانە.

حەج: واتە زیارەت، لە شەرعدا زیارەتی ماڵی خـوا (كەعبە)یـە،

---

[١] بوخاری (١٥١٩).

كە لە مەككەیە، لەعەرەبستان، بە نییەتی ئەنجامدانی چەندین دروشمی تایبەتی خواپەرستی، وەكو: تەواف و لۆقەی نێوان سەفاو مەرواو وەستان لە چیای عەرەفات.

- حەج، ڕوكنێكە لە پێنج ڕوكنەكەی كە ئیسلامیان لەسەر دامەزراوە. لەسەر هەر موسوڵمانێك كە توانای هەبێت و باڵغ بێت فەرزە.. ئەمە فەرزی تەمەنە، واتە: یەكجار.. لەیەكجار زیاتر سوننەت و كاری چاكە.

- ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (خَطَبَنَا رَسُولُ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)فَقَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ فَرَضَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ الْحَجَّ فَحُجُّوا. فَقَالَ: رَجُلٌ أَكُلَّ عَامٍ يَا رَسُولَ اللَّه ؟ فَسَكَتَ حَتَّى قَالَهَا ثَلاَثًا فَقَالَرَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) : لَوْ قُلْتُ نَعَمْ لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ).[١]

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)وتاری بۆ دەداین، فەرمووی: هۆ خەڵكینە! خوای گەورە حەجكردنی لەسەرتان فەرزكردووە، سا حەج بكەن.

كابرایەك پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئایا هەموو ساڵێكە؟

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)بێدەنگ بوو، تا سێ جاری پرسیەوە: ئینجا فەرمووی: ئەگەر بموتایە بەڵێ، لەسەرتان

---

[١] بوخاری (٦٨٩٦). موسلیم (٢٤٦٨).

فــەرز دەبــوو (کــە هــەموو ســاڵێك حــەج بکــەن) بەتەئکیــد نەشتاندەتوانی بیکەن!

مەرجەکانی حەج:

١- موسوڵمانبوون.

٢- ژیرێتی.

٣- باڵغبوون.

٤- سەربەستی (واتە: کۆیلە نەبێت).

٥- سامان و توانای حەجکردنی هەبێت.

دەستپێکی حەج (المیقات):

أ- کاتی دەسپێکردن: حەجکردن کاتی تایبـەتی خـۆی هەیـە، لـە هەموو کاتەکانی ساڵدا نابێت، بەڵکو تەنها لـە مـانگی شـەوال، تـا ڕۆژی دەیەمی مانگی زللحیججە (ذي الحجة)یە..

خوای گەورە دەفەرموێ: (الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ..) البقرة/١٩٧ .

واتە: حەجکردن لە چەند مانگێکی دیاریکراو دایە.

ب- شوێنی دەستپێکی حەج: واتە: ئەو جێگایانەی مەراسـیمی حەج لـێی دەستپێدەکات:

١- ذو الحَلیفـة: گونـدێکی بچوکـە لـە نزیـك مەدینـە، خـەڵکی

مەدینەو ئەو کەسانەی ڕێیان بەسەریەوەیەتی، دەچنە ئەو شـوێنەو لەوێوە دەست بە ڕەفتارەکانی حەج دەکەن.

٢- الجَحْفَة: گوندێکە لە نزیك (رابع)، ئەمـە شـوێنی دەسـتپێکە بۆ خەڵکی شام و میسرو ئەوانەی ڕێیان بەسەریەوەیەتی.

٣- قَـرْنُ المنـازِل: میقـاتی ئـەهلی نەجـدو ئـەوانەی رێـان بەسەریەوەتی.

٤- يَلَمْلَم: میقاتی خەڵکی یەمەن و ئەوانەیە ،کە ڕێیان بەسەرییەوەتی.

٥- ذاتُ عِرق: میقاتی خەڵکی عێراق و ئەوانەیە، کە ڕێیان بەسەریەوەیەتی.

ڕوکنەکانی حەج:

١- ئیحڕام.

٢- تەوافی (گەڕان و خولانەوە) بە دەوری کەعبەدا.

٣- لۆقە (هەروەلە)ی نێوان (سەفاو مەروا).

٤- وەستان لە چیای عەرەفات.

واجباتەکانی حەج:

١- ئیحڕامپۆشین لە میقاتی خۆیدا.

٢- وستان لە عەرەفات.

٣- شەومانەوە لە موزدەلیفە (شەوی جەژن).

٤- شەومانەوە لە (مینا)، لە سێ ڕۆژەکەی تەشریقدا.

٥- شەیتان ڕەجمکردن.

٦- سەرتاشین و کورتکردنەوەی قژ.

٧- تەوافی ماڵئاوایی.

ئادابی حەج:

١- هەر لەسەرەتای نیازی حەجەوە، نییەتی خۆی بۆ خوا پاکبکاتەوەو نەکەوێتە ڕیابازیی و شانازیی و حەزی مەدحی خەڵکی و نازناوی (حاجی)!

٢- تۆبەی لەگوناح کردبێت و هەقی خەڵکی لەسەرنەمابێت.

٣- پێویستە ورد حساباتی پارەی مەسروفی کردبێت ،کە حەڵاڵە و کافیە.

٤- هەوڵبدات لەگەڵ شەرعزانێکدا حەج بکات، تا نەکەوێتە هەڵەوەو حەجەکەی ڕاست و دروست بکات.

٥- لەکاتی حەجکردنییدا نەرم و نیان و سینە فراوان بێت ، نـەکا لـەکاتی قـەرەباڵغیی و پاڵەپەسـتۆدا، رەفتـار (گوفتـار و کـرداری) خراپی لـێ ببینرێت.

ئیحڕام:

ئیحڕام نییەتی دەستپێکی حەجەکەیە، کەلەوێوە:

١- (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيك، لَبَّيْكَ لاَ شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْك، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ، لاَ شَرِيكَ لَكَ) دەستپێدەکات، کە پێیێ دەڵێن: (تەلبیە).

٢- ئیحڕامەکەی لەکات و شوێن (میقات)ی خۆیەوە بپێچێت.

٣- پۆشـاکی بـەری (بـۆ پیـاوان) دووراو نەبێت،ئێسـتا ئاسانکراوەو دوو پارچە خاولییە، گەورەکە ناوی (ئیحڕام)ی بەسەر دابڕاوە، دەپۆشێت.

تەواف:

سـوڕانەوە (خولانـەوە: گەڕان)ـە بـەدەوری کەعبـەدا، کـە حەوت جارە، لە بەردە ڕەشەوە -کە دەکەوێتـە لای چـەپی خۆیـەوە- دەستپێدەکات و نییەتی بەجێهێنانی خواپەرستی دەبێت.

مەرجەکانی تەواف:

١- نییەتی خواپەرستی بێت، کە بۆ خوای گەورەی دەکات.

٢- پاك و بەدەستنوێژ.

٣- داپۆشینی عەورەت.

٤- تەوافەکەی لەناو کەعبەوە دەبێت (لەناو مسجد الحرام)دا.

٥- مەرجە (کەعبە) بکەوێتە لای چەپییەوە.

٦- لەبەردە ڕەشەکەوە دەستپێبکات و لەوسەرەوە بێتەوە لای.

٧- سوڕی خولانەوەکە تەواوبکات.

٨- حەوت جار تەوافەکـە بکـات، واتـە حـەوت جـار بـەدەوری (کەعبە)دا بخولێتەوە.

٩- ڕیزبەندیی ڕەفتارەکان، مەگەر عوزرێکی بۆ پێکبێت، وەکو: هاتنی نوێژی فەرز.

لۆقەی نێوان سەفاو مەروا (مروة):

لۆقە: ڕۆیشتنی خێراترە و نەبووە بـەڕاکـردنی تـەواو، کـە بـە عەرەبی (السعی)یە، کورد پێی دەڵێ: گورگە لۆقە. ئـەمیش حـەوت جارە.

مەرجەکانی:

١- دوای تـــەواوکردنی تەوافـــە.. تـــەوافی تـــەواوو ڕاســـت و دروست.

٢- لە(سەفا)وە دەستپێدەکات و لە(مەروا) کۆتایی دێت.

٣- حەوت جار دەبێت (چوون جارێکەو، هاتنەوە جارێکە).

٤- دەبێ مەسافەی نێوان (سەفاو مەروا) بە تەواویی ببڕێت، لێی نوقسان بێت حسێبنابێت.

وەستان لە چیای عەرەفات:

مەبەست لێی: ئامادەبوون و وەستانە لەوێ، لەو ڕۆژەدا (کەعەرەفەیە)، با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت.

مەرجەکانی:

١- وەستانەکە لە ناوچەی (عەرەفات)دا بێت (کە ئێستا سنوورەکەی جوان دیاریکراوەو ئاشکرایە).

٢- دەبێ لە کاتی خۆیدا بێت، کە شەرع دیاریکردووە، کە لای جمهوری شەرعناسان لە خۆر لاربوونەوە بەرەو ڕۆژئاوا (زەوال)ی ڕۆژی نۆیەمی زیللحیجەیە، تا سپێدەی شەوی دەیەمی.

٣- هۆشی لەخۆی بێت (نەبورابێتەوە)!

مانەوەی لە موزدەلیفە:

واتە: ئامادەبوون لەوێ (لە موزدەلیفە) لەشەوی دەیەمی (زیللحیجە)وە تادوای نیوەشەوەکەی.

شەیتان ڕەجمکردن:

بەعــەرەبی دەوترێــت: (رمــی الجمــرات)، واتــە: هەڵــدانی بەردوچکە (کە بەقەدەر نۆکێکە).

شوێنەکەش، کە کـورد پێـی دەڵـێ: (شـەیتان) بەعەرەبیەکـەی (جَمْرة)یە، چونکە بەردوچکەکانی لـێکۆدەبێتەوە.

شوێنی شەیتان ڕەجمکردن (جەمرە) سێیە:

١- جەمرەی عەقەبە: جەمرەی گـەورە، کـورد دەڵـێ: (شـەیتانی گەورە).

٢- جەمرەی ناوەند.

٣- جـەمرەی بچـووك، کـە نزیکترینیانـە لـە (مینـا)وە. شـەیتانە بچکۆلە)![1]

عومڕە:

هەر زیارەتی کەعبەیـە و ئیحـڕام و تـەواف و لۆقـەی سـەفاو مەرواو سەرتاشین و مووکورتکردنـەوەی هەیـە، بەڵام وەکـو حـەج نییە، پەیوەست بێت بە کاتێکی تایبەتەوە..

---

(١) بێگومان شەیتان نەوەو وەچەی هەیە، بەڵام گەورە وبچووك لەشەیتانیاندا نییە، سەرۆکیان هەیە کە ئیبلیسە.

عومرە بۆ غەیری حاجی -کە لەکاتی حەجەکەدا بێت- لە هەموو ڕۆژانی ساڵەکەدایە.

حوکمی عومرە: خواپەرستییەکە، لە تەمەندا جارێك بکرێت بەسە.

ڕوکنەکانی:

١- ئیحرام .

٢- تەوافی کەعبە.

٣- لۆقەی نێوان سەفاو مەروا.

واجباتەکانی:

١- ئیحرام لەکات و شوێن (میقات)ی خۆیدا.

٢- سەرتاشین و کورتکردنەوەی موو.

دیدەنی مزگەوتەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

مزگەوتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)_کە بە (المسجد النبوي) دەناسرێت_ دوای کەعبە دووەمین شوێنی پیرۆزە، کە موسوڵمان شەیدایەتی و رۆحی بۆی دەشنێ.. تا بیگاتێ و نوێژی لێبکات..

بۆیە هەموو حاجی و عومرەوانێك حەزدەكات خۆی بگەیێنێتێ، لە كاتێكدا ،كە نەفەرزە و نەبەشێكە لە حەج و عومرە.

باشترە بۆ دیدەوان:

١- پاك و بەدەستنوێژ بێت.

٢- كەچووە ژوورەوە، قاچی راستی پێشبخات و بڵێ: (بِسْمِ اللَّهِ وَالسَّلاَمُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ).[1]

واتە: بەناوی خوای گەورەوە، درود و سڵاوی خوا لەسەر پێغەمبەری خوا بێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خوایە لێم خۆشبە و دەروازەی رەحمەت و بەزەیی خۆتم لێبكەرەوە!

٣- نوێژكردن: هەرنوێژێك ،كە لەو مزگەوتە پیرۆزەدا دەكرێت، بە هەزار نوێژی مزگەوتیترە، جگە لە مزگەوتی حەرام (كەعبە).

٤- دیدەنی گۆڕی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و دوو یاوەری عەزیزی، كە سەیدنا (ئەبوبەكری صدديق) و سەیدنا (عومەری كوڕی خەطاب)ن (خوا لێیان ڕازی بێت،) لەعنەت لەوەی دەیانبوغزێنێت.

٥- سوننەتە بۆ پیاوان دوای ئەوە بچنە دیدەنی گۆڕستانی

---

[1] موسلیم (٧١٣)، ترمذي (٣١٤)، نەسائی (٧٢٩)، ئەبوداود (٤٦٥).

(بەقیع) و سڵاو لە نیشتەجێیانی بکەن، کـە گۆڕسـتانی یـاوەرانی عەزیزە و، شەهیدانی پێش کۆچی دوایی پێغەمبەری خواش (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)لەوـێ نێژراون، کە جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ)دەچووە سەرگۆڕیان.

٦- پەسەندە بچێتە مزگەوتی (قُبَاء)، کە هەر لەمەدینەیەو نوێژی لـێبکات، مزگەوتی(قوباء) یەکەمین مزگەوتـە، کـە لـە ئیسـلامدا دروستکراوە. وَالْحَمْدُ لِلَّه.

بەسەرهاتێکی پڕمانا:

لەڕووی شەرعییەوە، هەرکەسـێك لـەکاتی حـەج و عـومرەدا هـەر شـتێك بدۆزێتـەوە، یـان ببینێـت _کـە بێخاوەنـە_ بـۆی نییـە هەڵیبگرێتەوە، چونکە ڕێزو حورمـەتی کەعبـە ئەمانـەتی تـەواوی فەرزکردووە.

ئەمانی ژیان (کە باڵندەشی لێناکوژرێت)، ئەمانی سـامان (کـە دزیـی لــێناکرێت، ئەگـەر دزیشی ـ لــێکرا لـەو کـات و شـوێنەدا حوکمنادرێت و دەخرێتە کات و شوێنیتر).

بۆیە ئەگەر شتیشی لێدۆزرایەوە هەڵناگیرێتـەوە، مەگـەر بـەو ئومێدەی بێگەێنێتەوە بەخاوەنی، وەکـو: دەشـێت لـەم سـەردەمەدا پاساپۆرتێك بدۆزێتەوە، یان هاوشێوەی.

لەسـەردەمانی تابیعینـدا (قوتابیـانی یـاوەران) کۆڵهـەڵگرێك (حەماڵ) هـەژار و دەسـتکورت، دانیشـتوانی مەککـەبـوو، نـاوی

(سەلمان) بوو، لە دەوروبەری کەعبە دەژیا، کاتی حەج و عومرە ئیشی زۆر دەبوو، پارەیەکی (بەس)ی بۆ ژیانی خۆی و زارۆکی پەیدادەکرد..

لەکاتی حەجدا ڕۆژێك پریاسکە (کیسە)یەك پارە دەدۆزێتەوەو هەڵیدەگرێتەوە، کە دێتەوە ماڵەوە، ژنەکەی سەرزەنشتی دەکات، کە بۆچی هەڵیگرتۆتەوە!

پاشان هانیدەدات بیباتەوە ئەو جێیە و جاڕی بۆ بدات، بەڵکو خاوەنەکەی پەیدابیێتەوە.. ئەوساکە لەوانەیە چەند درهەم و دینارێکی بە ڕەزامەندی خۆی بداتێ و، ئەمیش پێی حەڵاڵە و بەئاسوودەیی دەیخوات.

(سەلمان)، کە بۆ ڕۆژی دوایی دەچێتەوە جێگاکە، دەبینێت کابرایەك لەسەر بەرزاییەك هاوار دەکات: کێ پریاسکەکەمی دیووە، یان هەڵیگرتۆتەوە، لەڕاهی خوادا بمداتەوە.

(سەلمان) دەڵێ: دەچێتە لای کابراو پێی دەڵێ: ئەگەر پریاسکەکەت بۆ پەیداکەمەوە ،(دە) دینارم دەدەیتێ؟

کابرا دەڵێ: نا، ناتدەمێ.

(سەلمان) دەڵێ: پێنج دینارم بدەرێ.

کابرا دەڵێ: یەك دیناریشت نادەمێ، چونکە هی خۆم نییە و، هی زانایەکی (خۆراسان)ە، کە خۆی نەهاتووە بۆ حەج.

(سەلمان) ناچار پریاسکەکەی دەداتەوە.

کابرا دەڵـێ: دەنامەوێتەوە هەڵیگرە بۆ خۆت.

(سەلمان) دەڵـێ: تۆ ڕازی نەبوویت پێنج دیناریم بـدەیتێ، ئیسـتا هەموویم دەدەیتێ؟!

یان گاڵتەم پێدەکەیت؟!

کابرا دەڵـێ: ناگاڵتەت پێناکەم.. ئـەم پارەیـە لـە (خۆراسـان)ەوە بەمندا بۆ تۆیان ناردووە.

(سەلمان) بـە حەپاسـەوییەوە دەپرسـێت:کـێ نـاردوییێتی؟ ! مـن کەس لە خۆراسان ناناسم!!

کابرا دەڵێ: پیاوچاکێکی زانای (خۆراسان) ئـەم پریاسـکەپارەی داوە بەمنھ کە (٣٠٠سـێصەد) دینـاری زێـڕە، پێـی وتـم: لـە کـاتی حەجدا، لە قەرەباڵغییـدا بـزری بکـە.. پاشـان جـاڕی بـۆ بـدە، هـەر کەسێك بۆی هێنایتەوە بیدە بەو.. چونکە دەسـتپاکە.. دیـارە تـۆش دەستپاك و موحتاجیشی بۆیە داوای پێنج دینارت کرد!

ڕوکنی پێنجەم: ڕۆژووی ڕەمەزان.

- خوای گەورە دەفەرموێ: (شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْـزِلَ فِيـه الْقُـرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِـنَ الْهُـدَى وَالْفُرْقَـانِ فَمَـنْ شَـهِدَ مِـنْكُمُ الشَّـهْرَ فَلْيَصُمْهُ) البقرة/١٨٥ .

واتە: مانگی ڕەمەزان ،کـە خـوای گـەورە قورئـانی تێـدا نـاردە خـوارەوە، تایبێـت بـە مایـەی ڕێنمایـی و ڕێـڕوونی خـەڵکی، کـە دیاریکردنی ڕێبازی ڕاست و هیدایەتی خوایی و ناسینەوەی حەق و باتڵی تێدایە...

هەر کەسێکتان گەیشتەوە ئەم مانگە، با ڕۆژووەکەی بگرێت.

- پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـه وَسَـلَّمَ)دەفـەرموێ: (مَـنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ).[١]

واتە: هـەر کەسـێك ئیماندارانـەو لەبـەرخاتری خـوای گـەورە ڕۆژووی ڕەمەزانەکە بگرێت، لە گوناحی بەرو دوای دەبورێت.

- ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان، کە فـەرزەو یەکێکـە لـە پێـنج پایـەکانی ئیسـلام، ئەنجامـدانی فـەرمانێکی خـوای گەورەیـەو

---

[١] بوخاری (٢٠١٤).

خۆکۆنترۆڵکردن و گرتنەوەی نەفس و حەزو ئارەزووە لە چێژەکانی خواردن و خواردنەوەو جنس...

کە ڕۆژووەوان، هەر لەکاتی سپێدەی بەیانییەوە، تا خۆرئاوابوون خۆی لەو شتە حەڵاڵانە دەگرێتەوەو، بەنییەتی خواپەرستیی، هەموو ڕەفتارەکانی تریشی ـ پارسەنگدەکات و، لەبەر خاتری خوای گەورە توخنی گوناح ناکەوێت.

- فەرزبوونی ڕۆژووی ڕەمەزان لەساڵی دووەمی کۆچیدا بوو... پێشتر عەرەبەکانیش دەیانزانی ڕۆژوو چییە.

دەیانزانی، کە بریتییە لە (الإمساك) واتە: خۆگرتنەوە لە هەندێ شت..

لە ئوممەتانی پێشینیشدا هەبووە، چونکە خوای گەورە بە موسوڵمانان دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقرة/١٨٣ .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە ! ڕۆژوتان لەسەر فەرزکراوە، هەر وەکو کە لەسەر خەڵکی پێش ئێوەش فەرزکرابوو.. بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی تەقواکاریی.. چونکە ڕۆژووگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی تەقوا..

- ڕۆژووگرتنی ڕەمەزان لەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغ و ژیر و نیشتەجێی لەشساغ فەرزە، مادام عوزری نەبێت.

ئەوی ڕۆژوو بەتاڵ دەکاتەوە:

١- سەرجێیی ژن و مێرد (جيماع).

٢- خۆ ڕەحەتکردن (ئاوهێنانەوە).

٣- خواردن و خواردنەوە ی بە ئەنقەست.

٤- ئەوی دەبێتە (بەدیل)ی خۆراك و خواردنەوە و تێر و تێراو دەکات وەکو: شرینقەی موغەززی.

٥- ڕشانەوەی ئەنقەست.

٦- سوڕی مانگانە (حەیز) و زەیستانی (نیفاس).

ڕەفتاری ناپەسەند لەکاتی ڕۆژوودا:

١- زۆر ئاوڕادان لە دەم و لوت و دووبارەکردنەوەی.

٢- بیرکردنەوە لەسەرجێیی (جيماع) و ڕەفتاری جنسی.

٣- ماچکردن.. ئەگەر چی خۆی لە خۆیدا حەڵاڵە.. مەگەر بگەێنێتە سەرپێچی.

٤- تامکردنی خواردن (کە زەرووریی نەبێت بۆی).

ئادابی ڕۆژووەوان:

<u>أ- ئەو ڕەفتارانەی فەرزن لەسەری:</u>

١- درۆنەکردن.

٢- غەیبەت نەکردن و دوزمانیی نەکردن.

٣- غەش نەکردن لەسەوداو مامەڵە و ڕەفتاریتر.

٤- شاهێدیی نەدان بەدرۆ.

٥- خۆگرتنەوە لە نەزەری حەڕام و دیداری و تێکەڵاوی نامەحرەم.

<u>ب- ئەو ڕەفتارانەی چاکن بیانکات:</u>

١- دواخستنی پارشێو (السحور).

٢- خێراکردن لە بەربانگکردنەوە (الفطور).

٣- زۆر خوێندنەوەی قورئان و زیکرو نوێژ و پاڕانەوە.

٤- خێرو خێرات کردن.

بەشەکانی ڕۆژوو:

<u>أ- ئەو ڕۆژانەی فەرزن بگیرێن:</u>

١- مانگی ڕەمەزان.

٢- ڕۆژووی نەزر.

٣- کەفارەت (وەکو: کەفارەتی جیماع و قەتڵ و... هتد).

<u>ب- ئەو ڕۆژانەی سوننەتن بگیرێن:</u>

١- شەشەڵان (٦ شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال، کە یەکسەر

دوای ڕەمەزانە.. جگە لە یەکەمین ڕۆژی، کە جەژنە).

٢- رۆژی عارفە (بۆ غەیری ئەو کەسەی، کە لە حەجدایە).

٣- ڕۆژی عاشـورا (١٠ی موحـەڕڕەم)، کـە ڕۆژی قوتـاربوونی سەیدنا (موسا)یە (عَلَیهِ السَّلاَم)لەدەست فیرعەون.

هەروەها ڕۆژێك پێش (عاشورا)کە، یان ڕۆژێك دوای ئـەویش، بۆ ئەوەی تەنها نەبێت و نەشوبهێت بە ڕۆژووی جولەکەکان.

٤- ڕۆژانی دووشەممەو پێنجشەممەی هەموو هەفتەیەك.

٥- ڕۆژەناڕۆژێك، ڕۆژێـك بـەڕۆژوو بێـت و ڕۆژێـك بخـوات، بێگومان جگە لە ڕەمەزان.

٦- ڕۆژی سـپی، کـە بریتییـە لـە :(١٤و١٥و١٦)ی هـەموو مانگێکی عەرەبی.

٧- نۆمینەی حاجیان: نۆ ڕۆژی یەکەمی مانگی زیلحیججە، کـە حاجی لە حەجدان.

٨- زۆرترین ڕۆژانی موحەڕڕەم و شەعبان.

<u>ت- ئەو ڕۆژانەی ڕۆژووگرتن تێیاندا مەکروهە:</u>

١- ڕۆژی (عارفە) بۆ کەسێك، کە لە حەجدایە.

٢- ڕۆژانی هەینی بەتەنها.

٣- ڕۆژانی شەممان بە تەنها.

٤- كۆتا ڕۆژی مانگی (شەعبان)، كە ڕۆژی گومانـەو ئەگـەری ئەوەی هەیە ڕەمەزان بێت، ئەمما ئەگەر كەوتە ئـەو ڕۆژانـەوە، كـە لەسەر ڕۆژووگرتنیـان ڕاهـاتووە، وەكـو: دووشـەممەو سێشـەممان قەیدی نییەو دەتوانێت پێبێت. (واتە بە ڕۆژوو بێت تێیدا).

٥- ڕۆژی بەردەوام، ساڵ دوازدە مانگە.

پ- ئەو ڕۆژانەی ڕۆژووگرتن تێیاندا حەڕامە:

١- یەكەمین ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و یەكەمین ڕۆژی جەژنی قوربان.

٢- سێ ڕۆژەی :(١١و١٢و١٣)ی زیللحیججە.

٣- ڕۆژووی هەر ڕۆژێك بێت بۆ ئافرەتێك، كە لە سوڕی مانگانە (حەیز) دابێت، یان زەیستان (نفاس) بێت.

٤- ڕۆژوو بۆ كەسێك،كە زیانی پێبگەیێنێت.

٥- ڕۆژووگرتنی ژنێك، كە مێردەكـەی لای بێـت و پێـی وتبێـت مەیگرە، یان بیشكێنە، ڕۆژووەكەش سوننەت بێت.

ڕۆژووگرتن ڕەفتار پارەسەنگ ڕادەگرێت:

ئـــەوی دینـــداری سەرڕاســـتەو لەســـەر ســـییرەو ســـوننەتی پێغەمبەری خـوا دەڕوات و پێغەمبـەران و یـاوەران و پیاوچاكـانی كردۆتە نموونەی پێشڕەوێتی، كـە بـە ڕۆژوو دەبێـت، خـۆی زیـاتر

پارسەنگ ڕادەگرێت، چەند بە ئارامە.

چەندین بەرابەر ئارامیی و خۆڕاگریی زیاتر بە خۆی دەدات، تا لەو کاتانەی دژایەتیی دەکەن کاردانەوەی لاسەنگی نەبێت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)دەفەرموێ: (الصِّيَامُ جُنَّةٌ، وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ، فَلاَ يَرْفُثْ وَلاَ يَصْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ، أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ).[1]

واتە: ڕۆژوو قەڵغانە، ئەگەر یەکێکتان بەڕۆژوو بێت، با جنێونەدات و ئاژاوە نەنێتەوە (هەرا نەخولقێنێت)، ئەگەر یەکێکیش جنێوی پێدا، یان شەڕی لەگەڵداکرد، با بڵێ: من بەڕۆژووم!

تەراویح:

هەر کە دەوترێت: مانگی ڕەمەزان، یەکسەر ڕۆژووی ڕۆژو و شەونوێژی جەماعەتی (تەراویح)ی شەوانی بیردەکەوێتەوە، چونکە تەراویح لە سوننەتە سەرەکییەکانی ڕەمەزانە، کە پێشیدەوترێت: شەونوێژ (قیام)..

(عورەی کوڕی سەیدنا زوبێر) (خوا لێیان رازی بێت) لە پوورە عائیشەخانییەوە، کە خوشکی دایکێتی دەگێڕێتەوە: (أَنَّ عَائِشَةَ،

---

[1] بوخاری (١٩٠٤). موسلیم (١١٥١).

أَخْبَرَتْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)خَرَجَ مِنْ جَوْف اللَّيْل فَصَلَّى في الْمَسْجد فَصَلَّى رجَالٌ بصَلاَته فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَتَحَدَّثُونَ بذَلكَ فَاجْتَمَعَ أَكْثَرُ منْهُمْ فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)في اللَّيْلَة الثَّانيَة فَصَلَّوْا بصَلاَته فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَذْكُرُونَ ذَلكَ فَكَثُرَ أَهْلُ الْمَسْجد منَ اللَّيْلَة الثَّالثَة فَخَرَجَ فَصَلَّوْا بصَلاَته فَلَمَّا كَانَت اللَّيْلَةُ الرَّابعَةُ عَجَزَ الْمَسْجدُ عَنْ أَهْله فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهمْ رَسُولُ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)فَطَفقَ رجَالٌ منْهُمْ يَقُولُونَ الصَّلاَةَ . فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهمْ رَسُولُ اللَّه (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)حَتَّى خَرَجَ لصَلاَة الْفَجْر فَلَمَّا قَضَى الْفَجْرَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاس ثُمَّ تَشَهَّدَ فَقَالَ أَمَّا بَعْدُ فَإِنَّهُ لَمْ يَخْفَ عَلَىَّ شَأْنُكُمُ اللَّيْلَةَ وَلَكنِّي خَشيتُ أَنْ تُفْرَضَ عَلَيْكُمْ صَلاَةُ اللَّيْل فَتَعْجِزُوا عَنْهَا").[1]

واته: خاتوو عائیشه (خوا لێی ڕازی بێت) پێی ڕاگەیاندم:كه جارێك (له ڕەمەزاندا) پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)له نیوەشەودا تەشریفی بردە مزگەوتەكەی (كه دەرگای ماڵەكەی لەسەر مزگەوتەكه بوو) شەونوێژی كرد.

هەندێك له پیاوانیش له دوایەوە ئیقتیدایان پێكردو نوێژیان به جەماعەت لەخزمەتدا كرد.

بۆ سبەی پیاوەكان باسیانكرد (خەڵكی تر بیستیانەوە) لەشەوی

[1] موسلیم (٧٦١).

دووەمدا ژمارەی نوێژخوێنەکان (مەئمومەکان) زۆرتربوو..

شەوی چوارەمین مزگەوتەکە پڕبوو، خەڵکەکە هەر چاوەڕوان بوون پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)تەشریف بباتە مزگەوت، بەڵام جەنابی نەچوو، تا بۆ نوێژی بەیانیەکەی تەشریفی بردز

دوای نوێژی بەیانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)ڕووی پاکی کردە خەڵکەکەو فەرمووی: شەوی ڕابردوو زانیم ،کە لێرەن و چاوەڕوانن، بەڵام من نەهاتمە لاتان، وتم نەبادا (تەراویحتان) لەسەر فەرزبێت و، دوایش نەتوانن بەردەوام بن لەسەری!..

١- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)حاڵیکردن،کە ئەم نوێژانە: سوننەتن و فەرزنین.

ئەو کەسەی، کە نەیکات گوناحبار نابێت لەسەریی، ئەوی دەیانکات پاداشتی لەسەر وەردەگرێت.

٢- موسوڵمانان بۆ خۆیان لەسەر ئەم تەراویحە بەردەوامبوون و، دوای کۆچی پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)تاك و کۆ دەیانکرد.

٣- کە سەیدنا (عومەر خوا لێی ڕازی بێت)لەسەردەمانی خەلیفایەتی خۆیدا دیتی خەڵکەکە تاك و تەرا بۆ خۆیان تەراویح دەکەن، یان چەند کەسێك لە پشت ئیمامێکەوە دەیکەن.

ئیتر فەرمانییدا :کە هەموویان لە دوای ئیماميكەوە بیکەن، لەو ڕۆژەوە موسوڵمانان لەسەرانسەری دنیادا تەراویح بە جەماعەت لە مزگەوتدا دەکەن.

٤- زۆرینەی ئوممەت، کە شوێنکەوتووی مەزهەبەکانن، (سێ مەزهەبیان) بیست رکات و زیاتر دەکەن، بەڵام حەنبەلییەکان و سەلەفی و پابەندەکان بە سوننەتەوە، هەشت رکات دەکەن، کە دوورو درێژتر دەبێت لە بیستەکەی ئەوانیتر..

خاتوعائیشەخان (خوا لێی ڕازی بێت)دەگێڕێتەوە: (أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، كَانَ يُصَلِّي إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً).[١]

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)یازدە رکات نوێژی (لە شەونوێژدا) دەکرد... هەشتی قیام و سێ رکاتیش وتر.. بەڵام بێگومان لە یاوەراندا زۆر هەبووە ،کە شەوانی ڕەمەزان، یان لە (قیام اللیل) دا زیاتر دەکرد.. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

لەیلەتولقەدر (لیلة القدر):

شەوی قەدر، گەورەترین شەوی ڕەمەزانە، گەورەترین شەوی ساڵە.. گەورەتر لە زیاتر لە (٨٣ هەشتاوسێ ساڵ)!!

تەنها شەوێك! کەچی موسوڵمانی غافل ئەو شەوەشی وەکو

---

[١] بوخاری (١١٢٣). نەسائی (١٦٩٦). ئەبووداود (١٣٣٥).

شـەوانیتر لێـدەڕوات! ئـەوی خـوای لـە یـادە ،کـەمتر لـە نیـوەی خەریکی خواپەرستییە، کەمێکیش لەوانە زیاد لە تەراویحەکە،یان نوێژیتر ،یان خواپەرستیتر دەکەن!

(لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ) القدر/٣ .

واتە: شەوی قەدر چاکترە لە هەزار مانگ، لـە (٣٠سی) هـەزار شەووڕۆژ!

کام شەوەیە؟

نازانین، بەڵام بەتەئکید لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزاندایە..

لە تاکەکانییدا؟

نازانین کامیان تاکەکانە، دەشێت ئەوەی ئێمە بە تاکی هـەژمار دەکەین جوتەکانی بن، ئێمە سەرەتایان لێ تێکچووبێت! دەشێت..

بۆیە باشتر وایە، هەر دە شەوەکەی بە هەل بزانین.. باشـتر وایـە بۆ شەونوێژو خواپەرستی ئەو دە شەوە لێبڕێین، مۆڵەت لە کارمـان وەربگرین، دەست لە کەسابەت هەڵبگرین.

ئـەو شـەوانە ئیعتیکـافی تێـدا بکـەین و لەمزگـەوت بـۆ خواپەرستیی بمێنینەوە، ئەمە هەلـەو ڕەخسـاوە، تـا زۆرتـرین بـڕی زەخیرەی قیامەت دابنێین.. کێ دەڵێو تا ڕەمەزانێکیتر دەژین؟!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ)دەربـارەی پاداشـتی

شەوی قەدر دەفەرموێ: (مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَـهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ).[١]

واتە: هەرکەسێك شەوی قەدر - ئیماندارانە لەبەر خـاتری خـوای گەورە- شەونوێژو خواپەرسـتیی بکـات، لـە هـەموو گوناحـەکانی پێشووی دەبورێت..

چ هاندانێك لەمە زیاترە؟

سوننەتیشە لەڕەمەزانـدا، بەتایبـەتی لـە دە شـەوی دواییـدا، بەتایبەتیتر لەشەوی قەدردا، لە دوعادا بڵێین: (اَللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِـبُّ اَلْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي).[٢]

واتە: خوایـە تـۆ خـۆت عـەفوی خـاوەن لێبوردنیـت، لێبوردنـت پێخۆشە، خوایە لێم ببورە.. لێم خۆشبە..

ڕەمەزان مانگی قورئان و خێرو چاکەخوازییە:

- ڕەمەزان مانگی قورئانـە، قورئانەکـە لـە ڕەمەزانـدا لـە (لـوح المحفـوظ) ـەوە دابەزییـە ئاسـمانی یەکـەم، تـا لـەوەودوا بـە پـێی قۆناغەکانی پـەروەردەو، گەشـەو نەشـونما و پێداویسـتی کـات و شوێنی یاوەران بێتەخوارەوە.

---

[١] بوخاری (١٩٢٥). موسلیم (١٣١٩).

[٢] نەسائی (٨٧٢). ترمذي (٣٥١٣). ئەحمەد (١٧١/٦).حاكم (٥٣٠/١). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن الترمذی ١٧٠/٣)دا بە سەحیحی داناوە.

جوبرەئیلی ئـەمینی وەحـی خـوایی، هـەموو شـەوانی ڕەمـەزان لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) پێکـەوە موراجەعە (پێداچوونەوەی لەبەربوون)ی قورئانیان دەکردەوە..

هەقە موسوڵمان لـەڕەمەزانـدا خوێندنـەوەی قورئانەکـەی چەنـد بەرابەربکات.. ئەگەر مانگی جارێك خەتمی قورئانی دەکرد، هەقـە لەڕەمەزاندا بیکاتە دووجار و سێ جار و زیاتر..

هەقە موسوڵمان لە ڕەمەزاندا لەگەڵ براکـانی تریـدا پێکـەوە کـۆڕی قورئانـەوانییان هـەبێت، دەرسـی تەجویـدو تەفسـیرو زانستەکانی قورئان و دەربارەی موعجیزەکانی قورئان بخوێنن..

هەقـە کۆمـەڵکارە موسـوڵمانەکان کێبڕکـێ (موسـابەقە)ی قورئانیان لـە ڕەمەزانـدا زۆر بێـت، لـە خوێنـدنی دەنگـی خـۆش و زۆریی لەبەرکردن و زانیاری زانین دەربارەی قورئان.

پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)دەفـەرموێت: (مَـا اجْتَمَـعَ قَـوْمٌ فِي بَيْـتٍ مِـنْ بُيُـوتِ اللَّـهِ تَعَـالَى يَتْلُـونَ كِتَـابَ اللَّـهِ وَيَتَدَارَسُـونَهُ بَيْـنَهُمْ إِلاَّ نَزَلَـتْ عَلَـيْهِمُ السَّـكِينَةُ وَغَشِـيَتْهُمُ الرَّحْمَـةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلاَئِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ).[١]

---

[١] ئەبوداوود (١٤٥٥).شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي ١٧٠/٣) دا دەفەرموێ سەحیحە.

واتە: هەر کۆمەڵە کەسێ لە یەکێك لەماڵەکانی خوادا کۆببنەوەو قورئان بخوێنن و لێیبکۆڵنەوە ،حەتمەن هێمنی خوایی بەسەریاندا دەبارێت و ،رەحمەتی خوا دایاندەپۆشێت و فریشتە دەوریان دەدەن و، خوای گەورەش لە لای فریشتە نزیکەکانی خۆی باسیاندەکات!..

ڕەمەزان مانگی پاڵفتەی دەروونە.. خۆ پاککردنەوە (تەزکیەی نەفس)ە لە چڵك و چەپەڵی دنیاویستی، لە چروکیی و حەسادەت، لە بەغیلیی و بەخیلیی، لە دووزمانیی و بەدگومانیی، لەقسەی بەدو رەفتاری خراپ، لە دەستدرێژیی و سنووربەزاندن..

ڕەمەزان مانگی خێرو خێراتە.. چەند ڕەفتارێکی چاك و بەسوودە زۆر لە موسوڵمانان زەکاتدانیان دەخەنە مانگی (شەعبان)ەوە کە پێش ڕەمەزانە، یان لە سەرەتای ڕەمەزانەکەدا دەیگەێننە موستەحەققانی، تا کەمێك کۆڵی خەمیان سووکبکەن..

چەند گەورەیی و سەخاوەتە لەگەڵ زەکات و سەرفترەکەدا -کە فەرزن و دەبێت بدرێن- بڕێکی زیادەیتریش بخاتە سەر، تاموحتاجەکەی پێ پارسەنگترکات، یان بیگەێنێتە دوان و سیان، یا بڕێکی زۆرتری لە کەرەستەیەك پێبکڕێت ، بیگەێنێتە زۆرترین موحتاج.. وەکو: پارەو پۆشاك و کتێب و کۆمپویتەر و دەرمان و کرێخانوو و موچەیەکی مانگانەی دابینبوو..

خوای گەورە هەمووومان بکاتە قەدەری خۆی و ئیسلامان پێ سەربخات..

ئامین

ناوەڕۆك